# دیوانی کانی

کۆکردنەوەی

موەفەق ئەکرەم کانی

پێشەکی و لێکدانەوەی

کەریم شارەزا

بە یارمەتی ئەمانەتی گشتیی رۆشنبیریی و لاوان لەچاپدراوە

به یارمەتی ئەمانەتی گشتیی
رۆشنبیریی و لاوان لەچاپدراوە

# دیوانی کانی

کۆکردنەوەی
موەفەق ئەکرەم کانی

پێشەکی و لێکدانەوەی
کەریم شارەزا

چاپخانەی „الحوادث“
١٩٨٠



عاریفی عەسرم ئەدیبم حوڕڕ و سەربەست‌و فەهیم
بێ موحابا شاعیرم مەشهووره (کانی) شوهرەتم

# ووشەیەك

خوێنەری خۆشەویست ... نووسەر و ئەدەب دۆستە بەڕێزەکان ..
ماوەیەکی دوورودرێژە خەریکی کۆکردنەوەی هۆنراوە پەرت و بڵاوەکانی شاعیری کلاسیکی ناوداری هەولێر (کانی) باپیرمم ، چونکە لە کاتی خۆیدا شاعیری نەمرمان هەندێك لە بەرهەمەکانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکاندا بڵاوکردۆتەوە و بەشێکیشی لە هۆنراوە بڵاونەکراوەکانی لە دەفتەرێکدا بە ڕێنووسێکی کۆن تۆمارکردووە ، بۆیە ئەرکی سەرشانی من ئەوە بووە ، بە دوای ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارە کۆنانەدا بگەڕێم تاکوو هۆنراوەکانیان لێوەربگرم و بیانخەمە پاڵ کۆمەڵە دەستنووسەکەی و لەگەڵ ئەو چەند پارچە هۆنراوانەی لە ڕێگەی باوکم و مامەکانمەوە چنگم کەوتن ــ کە لە کاتی خۆیدا لە باوکیان گوێ لێبووە و لەبەریان کردووە ــ بیانکەم بەم دیوانە و لە چنگ بزربوون و فەوتان رزگاریان بکەم .

حەز دەکەم ئەم دیوانە بە پوختی و دوور لە هەڵە و شێواندن بە چاپ ڕابگەیێنم تاکوو یادی (کانی) و شیعری (کانی) بێنمەوە سەر شانۆی ژیان و بیانخەمە بەر تیشکی هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی . ئەم کارەش لە سەرووی تاقەت و توانستی منە ، بۆیە وام بە

پەسەند زانی پرۆژەی ساغ کردنەوە و پێشەکی بۆ نووسینی ئەم دیوانە بە نووسەرێکی توانا بسپێرم تاکوو بە بیر و لێکدانەوە و سەرنجی تیژی دەقی شیعرەکانیم بۆ ساغ بکاتەوە و مانای ووشە گرانەکانمان بۆ لێك بداتەوەو پێشەکییەکی شایستەی کانی و شاعیریەتی کانیمان بۆ بنووسێ •

بۆ ئەم کارەش ڕووم لە مامۆستا کەریم شارەزا ناو ، ئەویش ئەو ئەرکە پیرۆزەی لە پێناوی خزمەتگوزاریی ئەدەبی کوردی خستە ئەستۆ و ، پێشەکی سوپاسمان بۆ ئەو و ، ڕێزمان بۆ ئێوەی خۆشەویست •

**موفق اکرم کانی دۆغرەمەچی**
**هەولێر : ١٩٧٩/٩/١**

# پێشەکی

**نووسینی : کەریم شارەزا**

**کانی و بنەماڵەی دۆغرەمەچی :**

کانی نازناوی شیعریی شاعیری کلاسیکی کورد ، عەبدوجەبار ئاغای کوڕی حاجی مەلا عەبدوڕڕەحمانی کوڕی حاجی تەهای کوڕی حاجی عەبدوڵڵای کوڕی عەبدولقادر ئاغای کوڕی محەمەد ئاغای کوڕی قەرەنی دۆغرەمەچی‌یە •

کانی شاعیرێکی نەفس‌بەرز و چاونەترس و ئازا بوو ؛ حاجی مەلا عەبدوڕڕەحمانی باوکی زانایێکی ئایینی گەورە و ناودار بووە و ، لە سەردەمی عوسمانیەکاندا کراوە بە (موستەنتیق) لەشاری هەولێر •

بنەماڵەی دۆغرەمەچی ، لە بنەچەکدا دەچنەوە سەر بەگزادەکانی جافان (١) •

---

(١) بڕوانە ئەو سەرچاوانە •
ا ــ گوڤاری هەتاوی ژمارە (٩٧) ڕێکەوتی ٢٠ مایسی ١٩٥٧ ، ل ٢١
ب ــ پێشەکی داستانە شیعریەکەی (لەیلە و مەجنوون) وەرگێرانی کانی ، چاپی سێیەمین ، هەولێر ساڵی ١٩٦٩ ، ل ٣ •

نزیکەی چوارسەد ساڵێك لەمەوبەر دوو برا لەو هۆزە ، لەبـــەر هەندێ گیروگرفتی میرات دابەش کردن و موڵك و ماڵ ، کەس و کاری خۆیان جێ دێڵن و ڕوو دەکەنە شاری کەرکووك ، برای گەورەیان ناوی (حەسەن) و برای بچووکیشیان ناوی (ئەحمەد) دەبێ ، دەبنە شاگردی دارتاشێك ، بەڵام لەبەر ئەوەی هاتوچووی جافەکان بەسەر ئەو شارەدا بووە و ، حەزیان نەکردووە خزمەکانیان بیانبینن کـرێ کاری دەکەن ، بۆیە ئەوێیان بـەجێ هێشتووە و هاتوونەتە هـەولێر و بوونەتە شاگردی دارتاشێکی ئەم شارە و، لەبەر دڵسۆزیی و خزمەتگوزارییان، وەستاکەیان کچێکی دەبێ دەیدا بە (حەسەن)ی برا گەورە و ، لە هەولێر جێگیر دەبێ و (ئەحمەد)یش ڕوودەکاتە (ئەستەمبۆڵ) و لەوێ دەبێتە دارتاشێکی ناوداری وا کە هەموو جۆرە نەخش و نیگارێکی لە دار بێ دروست بکرێ بۆیە پێیان گوتووە « دۆغرەمەچی »(*) و هەر ئەو ناوەش بوە بە نازناوی (حەسەن)ی برای دارتاشی لە هەولێر و ، بنەماڵەی دۆغرەمەچی لـەم شارەی هەولێر ، هەموویان دەچنەوە سـەر ئـەو وەسـتا ( حەسەن )ە دارتاشە ، کانی شاعیریشمان ڕۆڵەیێکی زیرەك و زیندووی ئەو بنەماڵـە دێرینەی دۆغرەمەچی یە بووە و بە نەفس بەرزی ژیاوە و بەسەر بڵندیش سەری ناوەتەوە •

**کانی لە چ ساڵێکدا لەدایك بووە ؟**

ئەگەر ئێمە بۆ زانینی ساڵی لەدایك بوونی (کانی) شاعیرمان پشـت بەو سەرچاوە چاپکراوانە ببەستین کە تا ئێستا لەسەر کانییان نووسـیوە

---

★ دوغرەمەچی : ووشەیێکی تورکی یە ، بەو کەسە دەڵێن کە هونەری نەخش و وردەکاری دارتاشیی بزانێ •

وەکوو گۆڤاری هەتاو (٢) و ، پێشەکی یەکەی (لەیلە و مەجنوون) (٣)و مێژووی ئەدەبی کوردی (٤) و گۆڤاری هەولێر (٤) •

ئەوا دەبێ بە بێ سێودووانێکردن ساڵی ١٩٠٢ دابنێین بە ساڵی لەدایكبوونی « کانی » !!

بەڵام ئەگەر لە سەرێکی تریشەوە پشت بەو ڕایە ببەستین کە لە دیوانە دەستنووسەکەیدا وەك ڕاستییەکی بێگومان خراوەتە ڕوو و زۆر لە رۆشنبیر و شارەزایانی ئەو بنەماڵەیەش دەیگێرنەوە و نووسەرێکیش بە ناوی (ب• کاوە) لە ووتاریکی ڕۆژنامەی (التآخي)دا (٦) ئەو ڕاستییەی دووبارەکردۆتەوە کە دەڵێ : « لەو دەمەی (کانی) لەدایك دەبێ ، عەبدوڕەزاق ئاغای (٧) شاعیر و سەرۆکی شارەوانیی ئەوسای هەولێر و دۆستی هەرە نزیکی باوکی ، ڕادەسپێرێ ناوی بنێن (عبدالجبار آغا) (٨) بۆ ئەوەی بە لێکدانەوەی حیسابی (ئەبجەد) ساڵی ١٣١٥ی کۆچی بکرێتەوە کە ساڵی لەدایكبوونیەتی • وە لە کاتی وەرگێڕانی ئەم ساڵە

---

(٢) هەتاوی ژمارە (٩٧) ساڵی (٤) ٢٠ی مایسی ٩٥٧ ، ل ٢١ •
(٣) (لەیلە و مەجنوون) وەرگێڕانی کانی ـ هەولێر چ ٣ ساڵی ١٩٦٩ •
(٤) علاءالدین سجادی ـ مێژووی ئەدەبی کوردی چ ٢ ل ٦٠٢ •
(٥) عبدالغنی علی یحیی (گۆڤاری هەولێر) ژمارە (١) ساڵی (٢) ١٩٧١•
(٦) جریدة التاخي ـ العدد ١٩٠٧ في ١٩٥٧/٥/١٢ مقال بعنوان [ في ذکری وفاة الشاعر الکردی کانی ، شاعر الحب والوطنیة] بقلم ب• کاوە •
(٧) عەبدوڕەزاق ئاغای عوزێری یەکەم سەرۆکی شارەوانی هەولێر بووە ، دووجار بووە بە سەرۆك ، لە (١٢٩٥ ـ ١٣٠٣)وە لە (١٣٢٠ ـ ١٣٣٣ )ی رۆمی •
(٨) ع ب د ا ل ج ب ا ر ا غ ا ٧٠ + ٢ + ٤ + ١ + ٣٠ + ٣ + ٢ + ١ + ٢٠٠ + ١ + ١ = ١٣١٥ •

کۆچی‌یەش بۆ ساڵی زایینی دەبینین بەرامبەر بە ١٨٩٧ (٩) دەوەستێ بە پێی ئەم زانیاری‌یە نوێ‌یەش ، کە لە ١٩٥٧/٥/١٢دا کۆچی دوایی دەکات ، بە حیسابی ساڵی زایینی ، تەمەنی شەست ساڵ بووە واتا لە (١٨٩٧ ـ ١٩٥٧)دا ژیاوە ، ئەمەش زۆر لە ڕاستی‌یەوە نزیکترە لە چاو ئەو ڕایەی کە دەڵێ لە [١٩٠٢]دا لەدایك‌بووە و لە تەمەنی ٥٥ ساڵی‌دا کۆچی دوایی‌کردووە !! • چونکە هەر کەسێکی لەدوا دوای ڕۆژانی‌تەمەنی چاوی پێ‌کەوتبێ ، ئەوا لە ئەدگار و ڕەنگ و ڕووی‌دا لە پیاوێکی تێر عومری لە شەست ساڵی کەمتری نەدەهاتە پێش چاو •

## پایەی خوێندەواریی کانی :

کانی هەر منداڵ دەبێ ، باوکی کۆچی دوایی دەکات بۆیە لەو تەمەنەدا ، لە هیچ قوتابخانەیێکی ڕەسمی‌دا ناخوێنێ کە گەورەش دەبێ ، بە هاندان و هەوڵی مەلا تۆفیقی برای و حاجی مەلا ئیبراهیمی مامی ، لە مزگەوتی قەڵاتدا بە ماوەیێکی کەم فێری خوێندنەوە و نووسین دەبێ و چەند کتێبێکی ئایینی دەخوێنێ و ئینجا هەندێ کتێبی وەك زانستی فەلەك و زانستی قیافەت دەخوێنێ و بە تەواوی سەوادی دەکرێتەوە •

ئیدی لە ڕێگەی زۆر خوێندنەوە و خۆفێرکردنەوە ، شارەزایی لە زمان و ئەدەبیاتی فارسی و کوردی و تورکی‌دا پەیدادەکات • تا لە ژیاندا مابوو هەستان و دانیشتنی هەر لەگەڵ پیاوی زانا و ئەدیب و شاعیری ناودار بووە ، لە هەولێر هاونیشینی خوالێخۆش‌بووان (محەمەد عوسمان موفتی )ی زانای ئایینی و شاعیر و (حوسێن حوزنی)ی مێژوونووسی

---

(٩) بڕوانە ( جداول لتحويل السنوات الهجرية الى الميلادية ) ترتيب يوسف اوربلی ، مجلة المورد ٣ العدد ٤ سنه ١٩٧٤ •

کورد و (شێخ نووری شیروانی) (١٠) زانای ئایینی و شاعیر و ، ( گیوی موکریانی ) ڕۆژنامەنووس و (محەمەد شەریف میهری) شاعیر و ، لە ڕەواندز (مەلا عەبدولکەریمی خەیلانی) و لە کۆیەش (مەلا محەمەدی کۆیی) و (مەلا مەحموودی بێخود) و (١١)و ( زەکی هەناری ) و ( یونس دڵدار )ی شاعیری لاو و لە هیران (صافی هیرانی)ی شاعیری غەزەلی کوردی و لە بەغداش ئەدیب و ڕەخنەگری ناوداری کورد (ڕەفیق حیلمی)بوون •

بەم جۆرە (کانی) هەردەم لە ئاووهەوایێکی ئەندێشەداری شاعیرانە و لە دنیایێکی پڕ لە زانیاری و ئەدەبیاتدا ژیاوە و ، توانیویەتی لە ڕێگەی خوێندنەوە و خۆفێرکردنەوە ، خۆی پێبگەیێنێ و شیعر بهۆنێتەوە و پەنجە لە پەنجەی زانا و شاعیرە ناودارەکانی کورد بدات •

**ژیانی فەرمانبەرێتی کانی :**

کانی لە ١٩٢٨/١/١دا بۆ یەکەم جار فرمانی میریی پێ سپێردراوە و لە هەولێر کراوە بە (سەرپەرشتی هەڵمەتی لەناوبردنی کلۆ (کوللە) تاکو ساڵی ١٩٢٩ ئینجا دەگوێزرێتەوە بۆ کەندیناوە و گوێڕ و شەقلاوە و قوشتەپە •

لە ١٩٣٤/٧/٢٥دا دەکرێ بە فەرمانبەری سەرژماردن (نفووس)ی قەزای ڕەواندز و لە پایزی ساڵی ١٩٣٩دا کراوە بە مەئمووری نفووسی

---

(١٠) شێخ نووری شیروانی باوکی دوکتۆر و وێنەکێش ناودار توتەیبە شێخ نووری بووە و مامی خیزانی کانی‌یە •

(١١) لەو کاتەی کە ( کانی ) فەرمانبەربوە لە کۆیە بێخودی شاعیریش هاتوچۆی ئەوێی‌کردوە و بوون بەدۆستی جانی یەکتری •

کۆیە تا سەرەتایساڵی ١٩٤٣ • لە ١٩٤٤/١١/١٦ یشەوە کراوە بە سەرنووسەری دائیرەی تەموین لە هەولێر و لە ١٩٥٣/٨/٤یشدا دەکرێت بە نووسەر لە زاتیەی بەڕێوەبەرایێتی زانیاریی هەولێر تا ئەو ڕۆژەی کۆچی دوایی دەکات لە ١٩٥٧/٥/١٢دا •

کانی لە ماوەی ژیانیدا چوار ژنی هێناوە و سێ کوڕ و شەش کچی بووە و ، کوڕەکانی (ئەکەرەم) و (ئەدهەم) و (فاروق)ن ، هەرسێکیان لە ژیاندا ماوون و هوشیار و ئەدەب دۆستن •

کۆکەرەوەی ئەم دیوانەش شاعیری نابینای لاو (مووەففەق کانی) ، کوڕی کاك ئەکرەم و نەوەی کانی شاعیرمانە •

## هەولێر و باری شاعیری کورد لە نێوانی ئەمڕۆ و دوێنێیدا

ئەمڕۆ هەرکەسێکی لەم شارە دێرینەی هەولێر ، کەمێك ئاگاداری باری ئەدەبی کوردی بێ ، بێگومان هەست بە بوونی جموجووڵێکی ئەو ئەدەبە دەکات و ، چاوی بە دەستەیێکی رەند و هوشیار لە شاعیری نوێخواز و چیرۆك نووسی تازەهەڵچوو دەکەوێ ، کە چۆن خۆیان دەخەنە سەر شانۆی ئەدەبی نوێی نەتەوەکەیان و دەیانەوێ دەوری شیاوی خۆیان لەو بوارەدا ببینن و لەو هەوڵ و تەقەللایەشیان خۆیان لە ناو ئاووهەوایێکی مەیلەوسازگار دەبینن و چەند رێکخراوێکی رۆشنبیریی و ئەدەبی و یەكدوو رۆژنامە و گۆڤار و چەند بەرنامەیێکی ئیستگەی کوردی کەم یا زۆر باوەشیان بۆ دەگرنەوە و تا ڕادەیێك دەستیان دەگرن و یارمەتی سەرهەڵدان و راستبوونەوەیان دەدەن •

ئەمە باری شاعیر و نووسەری ئەمڕۆی کوردە لە هەولێر ، بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دوێنێی نووسەری کورد ، بۆ دوادوای ساڵانی

سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم ، بۆ سەردەمی سەرهەڵدانی (کانی)ی شاعیری کوردمان ، تا بزانین ڕووپەڕەکانی مێژووی ئەم شارە چیمان بۆ دەگێڕنەوە و باسی چەند جۆرە قوتابخانەی میریی و چەند ڕۆژنامە و ڕێکخراوی ڕۆشنبیریی کوردیمان پێرادەگەیێنن ؟!

بێگومان لە وەڵامدا چەند راستی‌یەکمان بۆ دەگێڕنەوە وەك ئەمانەی خــوارەوە :

١ ـ لەو کاتەی کە شاعیری نەمرمان (کانی) تەمەنی یەك ساڵان دەبێ ، یەکەم رۆژنامەی کوردی لە ساڵی ١٨٩٨دا بە ناوی (کوردستان) لە قاهیرە دەرچووە ، بەڵام وەك ڕۆژنامەیێکی ئەم سەردەمــە دەوری نەگێڕاوە و مەگەر بە کزی دەنا دەنگی نەگەیشتۆتە هەولێر ٠

٢ ـ لە دوای بڵاوکردنەوەی دەستووری عوسمانی چەند ڕێکخراوەیێکی کوردی لە ئەستەمبۆڵ دروست‌بــوون ، وەك کومــەڵی (تەعــالی و تەرەقی کوردان) لە ساڵی ١٩٠٨دا و کۆمەڵی بڵاوکردنەوەی زانیاری کوردی لە ١٩٠٨دا و کۆمەڵی هیڤی لە لایەن خوێندکارانی کوردەوە لە ١٩١٠دا (١٢) ٠ ئەم ڕێکخراوانە دەنگیان بە چاکی نەدەگەیشتــە هەولــێر ٠

٣ ـ تا لادانی سوڵتان عەبدولحەمید لە حوکم لە ساڵی ١٩٠٨دا ، لە هەولێر لە ساڵی (١٨٩٤)ەوە تاکو ســاڵی ١٩٠٨ تەنهــا یــەك قوتابخانەی سەرەتایی و روشدیە بە یەکەوە بووە (١٣) و ژمارەی

---

(١٢) خلاصة تاريخ الكرد والكردستان ـ محمد امين زكي بگ ـ ترجمة محمد علي عوني القاهرة ١٩٣٦ ، ص ٣٣١ ٠

(١٣) بڕوانە کتێبی ( تاريخ التعليم في العراق في العهد العثماني عبدالرزاق الهلالي ، بغداد ١٩٥٩ ، ط ، ص ١٨٠ ) ٠

قوتابیانیشی زۆر کەم بووە • جگە لەمە سەر چاوەی فێربوون هەر حوجرەی مزگەوتەکان بووە •

کانی شاعیرمان لە ناو ئاووهەوایێکی کۆمەلاٌیەتی و ڕۆشنبیریی ئاوا دا سەری هەلٌداوە ، هەروەك لەمەوبەریش گوتمان بە منداڵی لە هیچ قوتابخانەیێکی میریی نەخوێندووە ، کە گەورەش دەبێ لە ڕێگەی خوێندنی تایبەتی و خۆفێرکردنەوە ، خۆی پێگەیاندووە و چەشەی ئەدەبی بە هێزبووە و ، بەهرەی شاعیرێتی لە لا تەقیوەتەوە و بە بێ ئەوەی وەکو ئەمڕۆ چەند ڕێکخراوێکی ڕوشنبیریی ئاووهەوایێکی لە باری بۆ بخولقێنن و چ روژنامەیێکیش نەبووە تا بەرهەمی سەردەمی هەرزەکاری و لاوێتی بۆ بلاٌوبکاتەوە و دەوری دەستگیری بۆ ببینێ و پێشی بخات • بۆیە شاعیرانی ئەو سەردەمە لە زەوی‌یەکی ووشك و لە ئاووهەوایێکی ناسازدا بەرهەمی ئەدەبی‌یان دەخولٌقاند، هەر شاعیرێکی بەهرەدار و بێن‌درێژ نەبوایە ، لەو ڕێگا سەرەوهەورازە دەری‌نەدەبرد و زوو دەوەستا ؛ وەك سەدان لەو فەقێ و مەلایانەی دەمیان لە شیعر دەدا و ، زوو ووشك دەبوونەوە و ، لە چەند پارچە غەزەل و تەخمیسێك بەولاوە چ بەرهەمێکی ئەدەبی تریان لێ‌پاشەکەوت نەدەبوو •

کەچی (کانی) ئەدیبی عاشق و دلٌتەڕی بەهرەدارمان لەو جۆرە شاعیرە بێن‌کورت و پشووتەنگانە نەبوو ، زوو هەلٌچێ و زووش دابمرکێتەوە ، بەلٌکوو تا دوا هەناسەی ژیانی دەستی لە بەرهەمی نوێ و داهێنانی تازەی بەرنەدا •

**زمانی ئەدەبیی کانی :**

کانی لەسەرەتای شاعیریەتی‌دا ، زمانە ئەدەبیەکەی بریتی‌بووە لە کوردی‌یەکی شێوەی هەولێری تێکەلاٌو بە ووشەی فارسی و تورکی ،

ئەمەش دیاردەیێکی ئاسایی‌یە بۆ شاعیرێکی هەولێری لە قەڵات پەروەردەبووی سەرەتای سەدەی بیستەم • بەڵام لە دوایی‌دا لە ڕێگەی خوێندنەوەی کتێبی هەمە جۆر و ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی‌یەوە و تێکەڵاوبوونی لەگەڵ کۆمەڵ و ئەنجومەنی زانا و ئەدیبانی کورد لە ژیاتی فەرمانبەرێتی‌دا لە شارەکانی هەولێر و ڕەواندز و کۆیە و شەقلاوە و گەلێ شوێنی تر زمانە ئەدەبی‌یەکەی لووس و لێکتر و پەتی تر بووە • تا وای لێ‌هاتووە ئەگەر شیعرەکانی بەرامبەر بە شیعری شاعیرێکی سلێمانی، یا کەرکووك ، یا موکریان ڕابگرین هەست بە جیاوازی‌یەکی ئەوتۆی زمانە ئەدەبی‌یەکەیان ناکەین •

وەك گوتمان لەسەرەتای شاعیریەتی‌دا ، زمانە ئەدەبیەکەی لە شێوە تایبەتی‌یەکەی هەولێر جودانەکراوەتەوە ، بۆ نموونە با سەرنج بدەینە ئەم تاکە شیعرەی کە لە (سەخا)وە دەدوێ و دەڵێ :

سەخا بۆ ئەو کەسە باشە کە هەیبێ ،
سەخا (شێتاتی)یە (بۆ وەی) کە نەیبێ

شێوە تایبەتی‌یەکەی هەولێر لە نیوە دێڕی دووەمی شیعرەکەدا دەردەکەوێ ووشەی (شێتاتی) لە جیاتی( شێتایەتی )یە و دەستەواژەی (بۆ وەی)یش لە جیاتی (بۆ ئەوەی)یە ، کە مەبەستی بۆ ئەو کەسەیە • بەڵام کە لە دوایی‌دا زمانەکەی پاراو دەبێ بەرەو زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی دەچێ ، دەبینین بە زمانێك شیعر دەهۆنێتەوە ، کە لە زمانی ئەدەبی شاعیرە ناودارەکانی کورد جودانەکرێتەوە ، بۆ نموونە با سەرنجێك بدەینە ئەم دوو شیعرەی :

ساقی وەرە ئیمشۆکە لەبۆم تێکە پیاڵە
بۆ مەززە لە رووت کافی‌یە ئەم دانەیی خاڵە

چەند خۆشە بکەم دایمە من وەصفی جەماڵت
زولفت شەوی تاریکە برۆت عەینی هیلالە

**شیعری کام شاعیر کاری کردۆتە سەر شاعیرێتی کانی ؟!**

کانی لە ڕێگەی زۆر خوێندنەوە و بەدواداچوونی سەرچاوەی ئەدەبی هەمەجۆرەوە ، بووە بە ئاشنایێکی بەردەوامی ئەدەبی کوردی و تورکی و فارسی • جگە لە دیوانی کەڵە شاعیرە کلاسیکی‌یەکانی کوردی وەك نالی و سالم و کوردی و شیخ رەزای تاڵەبانی و تاهیر بەگی جاف و وەفایی ، شیعری گەلێ لە شاعیرە ناودارەکانی تورك و فارسی بە وردی خوێندۆتەوە و کاریان تێکردووە ، لە شاعیرانی تورك (فضولی) (١٤) زۆر بەدڵبووە ، بۆیە (لەیلە و مەجنوونی)ی ئەو شاعیرە گەورەی هەر بە شیعر و بە دەسکاری‌یەوە ، گیانی ئەو داستانە دڵداری‌یەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لە (ساڵی ١٩٦١)ەوە تا ئەمڕۆ لە لایەن خوالێخۆش‌بوو گیوی موکریانی‌یەوە سێ جار لە هەولێر لە چاپدراوەتەوە • وە لە ئەدەبی فارسی‌دا شیعری (سەعدی) و ( حافظی شیرازی ) و ( مەسیحا )ی شاعیری هاونشینی شاعەباسی صەفەوی بەدڵبووە • لە شیعری کلاسیکی کوردیشمان ، شیعری نالی و سالم و کوردی و شێخ رەزا و تاهیر بەگی جاف و بێخود و صافی زۆر لا پەسەند بووە و ، بۆ بەرزکردنەوەی ڕادەی هونەری شیعریی سوودێکی زۆری لێوەرگرتوون •

کانی لە سەرەتای شاعیریەتی‌دا لە بارەی روخسار و کێش و سەروای شیعرەوە ، پەیرەوی شێخ ڕەزای تاڵەبانی کردووە ، چونکە

---

(١٤) شاعیرێکی هەرە گەورەی عوسمانی بووە ، لەسەردەمی سوڵتان سولەیمانی قانونی‌دا ژیاوە و لە ساڵی ١٥٦٢ دا مردووە •

هەرکەسێکی دیوانەکەی خوێندبێتەوە و بێچاوێك بەو کۆمەڵە شیعرەی (کانی)دا بخشێنێ ، بە ئاشکرا لە هەندێ شوێندا چاوی بەو کارتێکردنەی شێخ رەزا دەکەوێ ، هەروەك لەم هۆنراوەی کانیدا هاتووە :

ئەمڕۆ چ عەجەب هاتی لە پێشم گوزەرت کرد
جانم لە بەدەن جانە بە یەك دەفعە دەرت کرد

تا وەکوو دەڵێ :

(فریاد) و لە سێیەمیان (قورئان و لە چوارەمیشیاندا ووشەی (دڵریش) دووبارە بوونەتەوە •

پێم سووکی‌یە شاهم وەکو ئەم خەڵکە بزانێ
بۆ کوشتنی کانی کە تۆ عەزمی سەفەرت کرد •

با سەرنجێکیش بدەینە ووشە و کێش و سەروای ئەم پارچە هۆنراوەی شێخ ڕەزای مامۆستای کە دەڵێ :

ئەو ڕۆژە کە تۆرام و لە کەرکووك سەفەرم کرد
مانەندی عەقارب لە ئەقارب حەزەرم کرد ! (١٥)

تا وەکوو دەڵێ :

ئەی گووی خلە بەم لوطفە کە ئەو کردی لەگەڵ من
لەو مەرحەمەت و لوطفە ئەوا من گوزەرم کرد

دیسانەوە هەر لە ڕێگەی دیوانەکەی شێخ ڕەزاوە هۆنراوەیێکی ( مەسیحا )ی شاعیری فارسی بەر چاوکەوتووە و لەسەر شێوەکەی ئەو

---

**(١٥) دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی ــ بەغدا ١٩٤٦ ، ل ١٣ •**

کردوویە بە پێنج‌خشتەکی ، شێخ ڕەزا هەر بە فارسی و کانی بە کوردی تەخمیسی کردووە •

ئەگەر سەرنج بدەینە شێوەی داڕشتن و ووشەی سەرواکانی هەردوو پێج خشتەکی‌یەکە، دەبینین لە هەر پارچەیە، یەك یا دوو سەروای شیعری شێخ ڕەزا لە لای کانی دووبارە بۆتەوە ، هەروەك لە پارچەی یەکەم ووشەی (شەترەنج) لە لای هەردووکیان بووە بە سەروا و لە دووەمیان ووشەی (فریاد) و لە سێ‌یەمیان (قورئان) و لە چوارەمیشیاندا ووشەی (دڵرێش) دووبارە بوونەتەوە •

کانی بەم شێوەیە شیعرەکەی کردووە بەپێنج‌خشتەکی و ، بەم جۆرە دەست‌پێ‌دەکا :

بێ میسلە جەمالت لە هەموو موسلم و ئیفرەنج
بێ هۆشە دڵم جانە لە عیشقی تۆ بە بێ بەنج
تەصویرە خەیاڵی تۆ لە سینەم وەکو (شەترەنج)
« چشم و خط و خاڵ و رخ و أبروی تو هر پنج
زیباست بران عارض نیکوی تو هر پنج »

لە لای شێخ ڕەزاش هەر بە فارسی و بەم جۆرە کراوە بە پێنج خشتەکی :

در باغ خیال تو دلم گشت گهرسنج (١٦)
مهرت بدلم نقش کشیداست چو ( شطرنج )
میگشت شب و روز چو أفعی بسر گنج !

---

(١٦) دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی ـ بەشی فارسی ـ بەغدا ١٩٤٦ ، ل ١٢١ •

« چشم و خط و خالٌ و رخ و ابروی تو هر پنج
زیباست بران عارض نیکوی تو هر پنج »

کانی جگە لە شێخ ڕەزا کەوتۆتە بەر کارتێکردنی شاعیریەتی تاهیر بەگی جافیش ، ئەو کەلەشاعیرە کلاسیکی‌یەی غەزەلی کوردی‌یە و کانیش بە ڕادەی یەکەم سوارچاکی ئەو مەیدانە بووە ، بۆیە لەسەرەتای شاعیریەتی‌دا هەر بە دوای ئەو جۆرە سەرچاوە سازگارانەدا گەڕاوە تا کەرەستەی پێویستیان لێوەربگرێ و ، لە ناو بۆتەی تاقی‌کردنەوەی خۆی‌دا پیان‌توێنێتەوە ، بە جۆرێکی وا لە روح بەولاوە هیچ ئەدگارێکی شکلی‌یان پێوە دیارنەبێ کەچی هەندێ جار پەیڕەوکردن و لێوەرگرتنەکەی بە ئاشکرا پێوە دیارە ، هەروەکوو لە سەرەتای هۆنراوەیەکی‌دا ئەمە بەدی دەکرێ کە دەڵێ :

« هەرچەندە دەکەم سەعی لەبەر قەلبی حەزینم »
ئومیدی ویساڵم نیە بێ بەهرەیە ژینم !!

بۆ وەڕاستگەڕانی ئەم ڕایەشمان با سەرنجێك بدەینە ئەم دێڕە شیعرەی تاهیر بەگ کە دەڵێ :

[ هەرچەندە دەکەم سەعی لەبەر خوێنی سروشکم ] (١٧)
خاکێ نیە بیکەم بە هەوەس گاهێ بەسەردا •

ئێمە نابێ ئەوەش لەبیربکەین کە ئەم هۆنراوەیەی (کانی) بەرهەمی سەرەتای شاعیریەتی‌بووە و ، لەو قوناغەشدا شاعیر جارێ ڕێباز و دەنگی شیعری خۆی پەیدا نەکردووە ؛ بەڵام لە دوایدا کە دەست و خامە و

---

(١٧) دیوانی تاهیر بەگی جاف ـ هەولێر ١٩٦٦ چ ٣ ، ل ٩ •

شاعیریەتی بە هێز دەبی خۆی لەو پەیڕەوکردن و کارتێکردنەی شاعیرانی تر رزگارکردووە •

**کانی شاعیری مەی و دڵداری :**

کانی هەرچەندە لە دەرگەی هەموو هونەر و بابەتێکی شیعری داوە و، لە هەر بابەتە چەند هۆنراوەیێکی پێشکەش کردووین ، لە ستایش و پێهەڵگوتن و **دڵداری و مەی** و خۆشەویستیی نیشتمان و نەتەوە و شانازی بەخۆوەکردن و گەلێ بابەتی کوەلایەتی ، شیعری هۆنیوەتەوە ، بەلام لە هیچ کامێکیاندا وا سەرنەکەوتووە وەك لە شیعری مەی و دڵداریدا سەرکەوتوە و گۆی هونەری تێدا بردۆتەوە •

ئێمە وا حەزدەکەین شاعیر لە چ لایەنێك سەرکەوتووتر بێ ، زیاتر ڕووناکی لێکۆڵینەوەمانی بخەینە سەر و ، راستگۆیانە و بە بێ تەفرەدان ، پایەی شاعیریەت و نرخی شیعرەکانی بدەینە دەست نووسەر و نرخشناسانی ئەدەب •

ئێمە ئەگەر بە وردی سەرنج بدەینە کاروانی شیعرەکانی (کانی)ی شاعیری بادەنۆشی دڵتەڕمان ، دەبینین بە ئارەزوویێکی زۆر و بەکامی دڵی خۆی کەوتۆتە سەر ڕێبازی هۆنینەوەی شیعری (مەی و دڵداری) و کۆمەڵە شیعرێکی تەڕ و پاراوی خستۆتە بەر دەستمان و هەموو رەخنەگر و شارەزایانی ئەدەبی کوردی بە شیعری دادەنێن •

چونکە خۆی شاعیرێکی بادەنۆشی عاشق بووە • بۆیە هەست و ئەندێشەی شیعری هەردەم پەروازەی ناو ئاسمانی پان و بەرینی عیشقی ئافرەت و جوانی و مەستی مەی و بادەی خۆشەویستی بووە ، بەهرەی هونەریشی هەر لەو سەرچاوەوە تەقیوەتەوە بۆیە هەر شیعرێکی لەسەر

جوانی ئافرەت و دڵداری و مەی و بادە بووبێ داهێنانێکی باشی لێوەدەستهێناوە و با لێرەودوا سەرنج بدەینە چەند نموونەیەکی ئەو جۆرە شیعرانەی •

کانی لە هۆنراوەیەکی‌دا بە ناوی (سەد سەد) جۆرە دڵسۆزی‌یەك بەرامبەر بە یارە دڵدارەکەی دەردەبڕێ **کە بە سەدان ئافرەتی** جوانی کوڵمەگوڵی خۆش‌خووی بە لار و لەنجە، دڵی بدەنێ، ئەوا بە هیچ جۆرێك مەیلی یارەکەی خۆی دانانێ و بەڵکو بە گیان و بەدەنی، خۆی دەکاتە قوربانی و دەڵێ :

سەد ئەسمەری شیرین‌سوخەن و عاقڵ و خۆش‌خوو
سەد سوحبەتی خۆش جلوە نوما عەنبەری گێسوو
سەد عارضی‌گوڵ ئەهلی سەفا شاهید و مەهڕوو
هەریێکی بە سەد لەهجە بڵێ (کانی) بفەرموو
مەیلم لە تۆ رەت نابێ ئەیا شۆخی ستەمکار
ڕوح و بەدەنم جانە بە قوربانتە سەدجار

وە لە هۆنراوەیێکی دیدا بە ناوی (جانا چی‌یە ئەمشەو) دەڵێ :

چەن خۆشە بە شەو تا بە سەحەر ئەی گوڵی رەعنا
بێ خەوف و خەتەر دەس لەمل ودەم‌بەدەمت بم

دوای ئەوەی کە ئاوات دەخوازێ تا بە درێژایی شەو هەتا بەیانی بە بێ ترس و لەرز، هەر دەس لەمل و دەم لە ناو دەمی یارە خۆشەویستەکەی بێ، ئینجا دێتە سەر وەصفی گەردنی ساف و هەڵکشاوی و بە سوراحی مەی دەچوێنێ و دەڵێ

مەوسوف بە سوراحی مەیە ئەم گەردنی سافت
حەیرانی سەر و گەردن و قەددی عەلەمت بم

هەر بەوەندە ناوەستێ ، بەڵکوو دەیەوێ یارەکەی ببێ بە ساقی و مەیگێڕ و تا وەختی بەیانی سەرخۆشی دەست و کەرەمی بێ و دەڵێ :

ساقی وەرە بۆم تێکە هەتا وەختی بەیانی
سەرخۆشی کەف و ساعید و دەست و کەرەمت بم

وە لە هۆنراوەیێکی دیدا بە ناوی (ساقی وەرە) سەرکەوتنێکی هونەریی جوانی وەدەستهێناوە و ڕەنگ و روخسار و ناوەرۆکێکی پەوی شیعری رەسەنی پێوە دیارە و بەم جۆرە دەستپێدەکا :

ساقی وەرە ئیمشۆکە لەبۆم تێکە پیاڵە
بۆ مەززە لە ڕووت کافی یە ئەم دانەیی خاڵە
هەرچەندە بە شەرع بادە حەرامیشە وەلێ من
بێ تەقیە دەخۆم حۆری لە دەستی تۆ حەڵاڵە

دوای ئەمە دێتە سەر بیروڕایەکی فەلسەفیانەی خەیام ناسا ئەو ڕووگەشی و کوڵمسووری یەی یارە دڵدارەکەی ، بە ئەنجامی عەکسبوونەوە و ڕەنگدانەوەی خوێنی دڵی خۆی دادەنێ ، ئەمەش مەسەلەی خۆ لەناویەکتری دیتنمان بۆ بەرپادەکا و وێنەیێکی شیعریی جوان و نایابمان بۆ دەکێشێ و دەڵێ :

خوێنی دڵمە عەکسی لە ڕووت کردووە ئیزهار
چاوت ئەگەر ئینکاری نەکا شاهیدی حاڵە

ئینجا خۆشەویستی و جوانیی یارەکەی دەبێ بە نیگارێك و لەسەر پەڕەی دڵی نەخش دەبێ و قەت لە خەیاڵیدا ناسڕێتەوە و دەڵێ :

دەرناچێ ئەبەد صورەتی تۆ نەقشە لە دڵدا
مومکن نییە ئەم صورەتە بڕوا لە خەیاڵا

کانی لەم هۆنراوەیەیدا خوێنی دڵی خۆی لە سوورایی یەکەی سەر کوڵمی یارەکەیدا دەبینێ ، کەچی لە هۆنراوەیەکی دیدا ئەو خوێنەی لە

ناو بادەی دڵدارە مەی گێرەکەیدا خۆی دەنوێنێ بۆ ئەوەی بە دەستی ئـەو خۆشەویستەی دەرخواردی خۆی بدرێتەوە ، ئەمەشیان وێنەیێکی شیعری باڵایە و ، مەگەر لە لای شاعیرێکی بلیمەتی وەك (خەیام) سەر هەڵبدا کە دەڵێ :

ئەمڕۆکە ئەتۆ ئازەزووی ساقی کەرمت کرد
خوێنی دڵمە عەکسی لە ناو بادە دەبینم

کانی هەندێ جار خوێنەکەی لە کوڵمی سووری خوشەویستەکەیدا ڕەنگدەداتەوە و ، هەندێ جاریش وەك شەرابی ئاڵ خۆی لە ناو بادەدا دەنوێنێ ، واتا : چەند دڵسۆز و گیـرۆدەی یارەکەیـەتی ئەوەنـدەش خۆشەویستی بادەکەیەتی و ، بەڵکو لەوەش زیاتر دەڕوا خۆی بە خۆی دەڵێ : « ئەی کانی تۆ لەبەر ئەوەی کە خوێنی دڵت لە ناو بادەدا خۆی دەنوێنی ، بۆیە مەی و بادەت خۆش دەوێ یان هەر لە ئەزەلدا ، کە خوا لە قوڕی دروستکردووی ئەو قوڕەی تۆ بە (مەی) شێلدراوە و دەڵێ :

کانی لەبەر ئەم فیکرە دەکەی بادەپەرستی
یانە لە ئەزەلدا کە بە مەی حەلبوە تینم (١٨)

ئەگەر ئەم داهێنانەی کانی زادەی خەیاڵی سەرخۆشی و هەستی قووڵی شاعیرانەی خۆی بووبێ ، ئەوا داهێنانێکی گەورەی لە جیهـانی شیعری کلاسیکی کوردیدا وەدەستهێناوە و ، خۆ ئەگەر ئیلهـامی لـە شیعری شاعیرێکی تورك یا فارس وەرگرتبێ دیسانەوە تاقیکردنەوەیێکی بێسوود نی‌یە •

بەم جۆرە (کانی) شاعیری مەست و عاشق ڕچەی شیعر نووسینـی بە کوردی لە شاری هەولێر ، لە وەختێکدا شکاند کەم کەس بە کوردی دەینووسی ، کەچی ئەو مەردانە هاتە ئەو مەیدانە پیرۆزە و لە ڕێـگەی

---

**(١٨) تینم : طینم : قوڕم •**

دانانی ئەو چەند هۆنراوە سەرکەوتوانەی جێ پێی خۆی لەسەر ڕێبازی شیعری کلاسیکی کوردی کردەوە ، بۆیە هەردەم مایەی گرنگی پێدانی ئێمەیە و با هەروەکو خۆی شانازی بە نەفس‌بەرزی و بە شاعیریەتی خۆیەوە کردووە ، ئێمەش لە ناو کاروانی شاعیرانی گەلەکەماندا شانازی پێوە بکەین و لەگەڵ ئەودا بڵێین :

سەر فرۆ ناکەم بۆ عالەم چونکە عالی هیممەتم
ناچوێنم بۆ هەموو دنیا لە دەستم رەغبەتم
زاهیرم هەر مەردی مەیدانم وەکوو شێری دلێر
گوێت لە بەیتم بێ دەکا ئیسپاتی نوتق و قووەتم
عاریفی عەسرم ئەدیبم حوڕ و سەربەست و فەهیم ،
بێ موحابا شاعیرم مەشهورە (کانی) شوهرەتم !!

دیسانەوە با شانازی بەو نەفس‌بەزی‌یەیەوە بکەین کە نەلای خۆشتربووە بە پشت بەرد بکێشێ نەوەك مینەتی نامەردان هەڵگرێ، هەروەك دەڵێ :

نامەردم ئەگەر مینەتی نامەردی بکێشم ،
پێم خۆشترە ئەی (کانی) بە پشت بەردی بکێشم

خوێنەری بەڕێز : ئەوەی خوێندتەوە ، تیشکێك بوو خستمانە سەر ژیان و شیعر و شاعیریەتی (کانی)ی شاعیری دڵتەڕمان و با لەمەولاش بکەوینە خوێندنەوەی دیوانی شیعرەکانی • پێویستە ئەوەش بزانین کە ئەم کۆمەڵە هەموو هۆنراوەکانی نیە چونکە لە سی‌یەکانەوە ، مێژووی ژیان و چەپکێك لە هۆنراوەکانی لەسەر داوای ئەدیبی ناوداری کورد ( رەفیق حیلمی ) ناردوە بۆ بەغدا بۆ ئەوەی لە شیعر و ئەدەبیاتی کوردی‌دا بڵاویان بکاتەوە کەچی نە بڵاوکرانەوە و نە کەوتنەوە دەستیشی ••• لەگەڵ رێز و سوپاسماندا •

# دیوانی کـانی

# سەر فرۆناکەم (١)

سەر فروناکەم (٢) بۆ عالەم چونکە عالی هیممەتم
ناچوێنم بۆ هەموو دنیا لە دەستم رەغبەتم
نابمە سائیل لە عالەم سائیلە عالەم بەخوا
عیزەتی نەفسم هەیە ناڵێمە حاتەم قیللەتم
من کە ڕازی بووم بەکەم نابم لە شاهەنشاهی کەم
گەر نەکەم شەکوایی حاڵم کێ دەزانێ زیللەتم
سیم و زەڕ گەر چم نەبێ ئەمما دڵم موستەغنیە
شاهیدە ئاثارەکەم مەعلووم ئەکا ماهییەتم
ناکەس و نائەهل و ناقیص هەر نەزانن چاترە
کامڵ و دانا لە گوفتارم دەزانن قیمەتم
زاهیرم هەر مەردی مەیدانم وەکوو شێری دلێر
گوێت لە بەیتم بێ دەکا ئیسپاتی نوتق و قووەتم
عاریفی عەسرم ، ئەدیبم ، حوڕ و سەربەست و فەهیم
بێموحابا (٣) شاعیرم ، مەشهوورە (کانی) شوهرەتم

---

(١) گۆڤاری هەتاو ، ژمارە (٤٩) ڕێکەوتی ١٩٥٥/١١/١٠ ، ل ٧ و ٨
(٢) سەر فرو ناکەم : سەرنەوی ناکەم .
(٣) بێ موحابا : بەبێ ئەوەی لە هەق لابدەین .

# خزمینە وەرن (١)

خزمینە وەرن تاکو بە قوربانی وەتەن بین
قوربانی چیا و دەشت و بیابانی وەتەن بین
تا کەی لە کون و قوژبنی وێرانە بمێنین
با ئیدی لەسەر کۆششی عمرانی (٢) وەتەن بین
تا کەی بگرین ئێمە وەکوو هەوری بەهاری ؟
وەك رەعدی (٣) سەما (٤) دایما نالآنی وەتەن بین
بۆچ پێنەکەنین لەم چەمەنستانە وەکو گوڵ ؟
بۆچ غونچە سیفەت سەر بەگریبانی (٥) وەتەن بین ؟
بۆ گەردەن و سینە و کەمەری دوژمنی بەدخوو
با دەست بە قەمە و خەنجەری بڕرانی (٦) وەتەن بین
یا رەب چ دەبێ ئێمەش ئەگەر ( هەروەکوو بەعزێ ) (٧)
لەشکرشکەن (٨) و رۆستەمی مەیدانی وەتەن بین
تا کەی ئەدوێی (کانی) لە ئەوسافی خەت و خاڵ
وا چاکە لە مەولا کە غەزەلخوانی وەتەن بین ؟!

---

(١) ڕۆژنامەی برایی ژمارە (٣٠٠) ، روزی ١٩٦٨/٦/٢٩ ٠
(٢) عمران : ئاوەدانی ٠
(٣) رەعد : گرمەی هەور ٠
(٤) سەما : ئاسمان ٠
(٥) گریبان : ووشەیێکی فارسی‌یە بە مانای (یاخە)دێ ٠
(٦) بڕڕان : بڕندە ٠ (تیژ) ٠
(٧) لە کتێبەکەی (بەشێك لە دیوانی میهری) بژاردن و ئامادەکردنی عەزیز گەردی ، چاپخانەی ڕاپەڕین ـ سلێمانی ١٩٧٧ ، ل ٧٤دا بەم جۆرە هاتووە (هەروەکوو هێندێ) ٠
(٨) لەشکرشکەن : لەشکرشکێن ٠

# وەتەن شیرینە (١)

وەتەن شیرینە لای من داخەکەم بەس کۆزی ساوایە (٢)
بە قیل و قالی من ئامانجەکەی ناگاتە هیچ پایــە
ئەبێ رۆستەم سیفەت لاوانی من گورج و بەغیرەت بن
هەتاکەی چاوەکەم هەر لایەلایە و باوەشی دایە ؟
مەڵێ بێ ئیش و کارم بەختەکەم هەر سەرنگوون (٣) دێنێ
ئەگاتە مەقصەدی کاسب بە دوو سێ ئانە سەرمایە
بەشەر ئیللا بە کوشش بەرزئەکا بەیداخ و رەمزی خۆی
مەحەققەق، تەمبەڵی و سستی پەشیمانی لەگەڵدایە
هونەرمەندانی زۆرمان مرد بەڵام نامرێ قسە و ناویان
قسەی (نالی) قسەی (سالم) هەتا دنیایە هەر مایە (٤)
کورم (بورهان) قسەم بگری (٥) لە دنیا هیچ زەرەر ناکەی
بە مەردی هەر ئەژی بۆ خۆت مەگەر لەم تاڵە دنیایــە
لە (کانی) گەر دەپرسی بۆچی ئەشعارت هەمووی عیشقە
لە منداڵی بە ناکامی سەرم پڕ عیشق و سەودایە ؟!

---

(١) ئەم هۆنراوەیەی کانی وەڵامە بۆ پرسیارێکی (بورهان جاهید)ی شاعیری برازای کە پێی‌گوتوە : ( مامە بۆچی زۆربەی شیعرەکانت دلدارییینە و شیعری نیشتمانیت کەمە ؟ ) •

(٢) ئەم هۆنراوە لە گۆڤاری (هەولێر)ی ژمـارە (١) ، ســاڵی (٢)ی رێکەوتی مایسی ١٩٧١ ، لەلاپەرە ٤١دا لــە لایــەن ( عبدالغنی علی یحیی )وە بلاوکراوەتەوە •

(٣) سەرنگوون : وەرگەڕاو ، سەراوبن •

(٤) واتا : هەتا دنیا هەبێ هەرماوە •

(٥) واتا : قسەم لە گوێ بگری •

# « لە ستایشی سەییدێکدا »

هەرچەند هەبێ سوڵتان و مەلیك ، شاه و حوکمدار
نابن وەکو ئەو لایق و دانا لە جیهانی

سەیید حەسەنی (١) عالی نەسەب ئالی موحەممەد
مەعلوومە لە عالەم حەسەب و ناوونیشانی

عەینەن وەکوو جەددی ئەسەدوڵلا (٢) و شەجیعە
عەدلیشی میسالی عومەر و نەوشیرەوانی ٠

بۆ قەومی عەنوود وەك کەلیموڵڵایە (٣) کەلامی
بێ عیللەتە مانەندی (٤) مەسیح روحی ڕەوانی

مەنسوورە (٥) وەك ئەسکەندەری ڕووی بێختە هەرلا
بۆ قەهری (٦) خەصم (٧) ماهیرە زۆر فەنی دەزانی

لوقمان سیرەت و صوورەتی وەك یوسفی میسری
بێ غەل و غەشە صوورەت و ئەخلاقی جوانی !

---

(١) سەیید حەسەنی: مەبەستی لەو سەیدانەیە کە دەچنەوە سەر ئیمامی حەسەن ٠

(٢) مەبەستی لە ئەسەدوڵڵا ، ئیمامی عەلیە کە باپیری هەموو سەیدەکانی ئەمڕۆیە ٠

(٣) مەبەستی لە کەلیموڵڵا : حەزرەتی مووسایە ٠

(٤) مانەند : وەکوو ، موشابیه ٠

(٥) مەنسوور : سەرکەوتوو ٠

(٦) قەهر : شکاندن ٠

(٧) خەصم : دوژمن ٠

نووسراوه له هەورازی برۆی ( انا فتحنا ) !
بێگانه ئەکا حەلقە بەگۆش (٨) قەندە زمانی

بۆ میللەتی خۆی ماڵ و سەری ( نایەتە پێش چاو ) (٩)
بۆ خوێنی عەدوو خەنجەرە جەوهەر خورپەسانی

حەددی نیە حاتەم ( لە سەخاوەت ) (١٠) وەکوو ئەو بێ
بۆ موستەحەقان موکریمە دەستی فرەوانی

هەڵناستێ ئەبەد ، سفرە لە گۆڕێیە گوشایە
والآیە هەموو وەختەکی دەرکەی دیوەخانی

ویردم بووە بەم تەرزە دوعام خوایە قبول کەی
بۆ حەزی بێ دەرد و بەڵا دووربێ لە جانی

بۆ خاتری جەددی نەچێ ئەم چەترە لەسەرمان
مەحفووز بێ هاتا موددەکی زۆر عومر و مەکانی

بێ قوەت و قودرەت بێ ، هەموو دوژمنی کوێر بێ
تاقانەیە یا ڕەبی خودا بیدەی ئەمانی

هەند زۆرە صیفاتی حەسەنەی نایەتە نووسین
هەرچەندی بکا مەدحی تەواو نابێ بە (کانی) !

---

(٨) حەلقەبەگۆش : ئاڵقە بەگوێ .
(٩) لە دەستنووسدا نووسراوە (نایەتە چاوی) .
(١٠) لە دەستنوسەکەدا نووسراوە :
حەددی نیە حاتەم (لەسەماحەت) وەکوو ئەو بێ . بەڵام من لەو ڕایەدام ئەو ( سەماحەت )ە لە جێی خۆیدا ( سەخاوەت )بووە ، چونکە سەخاوەت باشتر لە حاتەم دەوەشێتەوە .

# خەیاڵێکی ئیماندارانە

هەر لە بنی پێم هەتا مووی سەرم (١)
غەرقی گوناهـ بووم نەمدەکرد شەرم
میسالی مەجنوون بێ سەر و سامان
دەگەڕام سەرسام لە دەشت و کێوان
تاریك بوو ڕێگام نەبوو ڕەهبەرم
لە ئەعمالی بەد دڵ دەبوو نەرم
کەسی وام نەبوو بپرسی حاڵم ،
لە چاکە نەبوو فیکر و خەیاڵم !
تەمەننام دەکرد لەبۆ ئاغەکی
لەم فیکرە دابووم کەوتمە باغەکی
باغەکی دلگیر باغی بەغدا بوو
لەناو ئەو باغە گوڵەك پەیدا بوو
بۆنی دەڕۆیی بۆ عەرشی فەلەك
مەست و مەدهۆش بوون لە بۆنی مەلەك (٢)
پیری دەستگیر خۆی بە شوکروڵڵا
غەفلەتی نەبوو قەت لە زیکروڵڵا !
دەخالەتم کرد زۆر بە زەلیلی
پێم گوت : بێ مەئوام بۆ خۆت دەلیلی

---

(١) لە گۆڤاری ( هەولێر )ی ژمارە (١)ی سالی (٢)ی ڕێکەوتی مایس ١٩٧١ ، ل ٣١ وەرگیراوە ٠

(٢) مەلەك : مەلائیکەت ، فریشتەی خودا ٠

دەخیلەك شاهم قەبوولم بکەی
لە دەرگاهی خۆت قەت دەرمەنەکەی (٣)

باڵای کردووی خودایی غەففار
بووی بە جیرانی ئەحمەدی موختار ،

لەچاو ئەولیا دوڕڕ و ئەڵماسی ،
نەجاتی دەبێ ئەوەی بتناسی !

حەیاتی چۆن بوو مەماتیشی وا ،
لەبۆ نەخۆشان دەبەخشی دەوا

تەبشیرتان دەکەم ئەی موریدانی
خەبەرداربن لە ، رووحی ڕەوانی

لە دارولفەنا بۆ ئێمەی فانی
فەیزەك هەر دەبێ لەو یارانی

تورکی و عارەبی و کوردی و فارسی
(کانی) ناتوانێ سەنات (٤) بنووسی .

---

(٣) لە دەقی گۆڤاری هەولێردا بەم جۆرە ئەم نیوە دێڕە هاتووە ( لە دەرگاهی خۆت مەطرودم نەکەی ) .
بەڵام لە سەرچاوە دەستنووسەکەدا بەم جۆرە نووسراوە وەك لەم هۆنراوەیەدا بڵاومان کردەوە .

(٤) سەنا : ثناء : مدح : ستایش .

# کەرە دێـزە (١)

هەیتم کەرەکی دێزە چ عیفریت و بەهێزە
وەك جووتی دەکا ڕاستە خەتی ریزی لە رێزە (٢)
جۆی ناوێ بەڕەڵڵای کە لە ناو پووش و پەرێزە (٣)
قوربانی گونت بێ دەنی مەشرەب کەرەدێزە ! (٤)

× × ×

ئەندامی گەلێ شیرینە زۆر دڵگرە ڕەنگی
وەختێ دەزەڕێ گوێ بدە وەك مەزرەحە دەنگی
ڕەهوانە سواری بە دەچێ میسلی خەدەنگی
قوربانی گونت بێ دەنیمەشرەب کەرەدێزە !

× × ×

گەر عومری دەبرسی کەمە چار وەختییە جاشە
وەستانی نییە جووتیدەکا یانە لە ئاشە

---

(١) لە گۆڤاری ( هەتاو )ی ژمارە (٢٧)ی سـاڵی (١)ی ڕێـکەوتی ١٠ـ٤ـ١٩٥٥ و لە لاپەڕە (١٠ و ١١)وە وەرگیراوە .

(٢) لە شێوەی ئاخاوتنی هەولێر (ریز) دەکرێ بە (رێز) .

(٣) لەبەر سەرواى شیعرەکە گوتوویەتی ( لەناوپووش و پەرێزە دەنا دەبوایە گووتبای (لەناو پووش وپەرێزا)یـا پەرێزدا .

(٤) مەبەستی لەدەنی مەشرەب ، یەکێکی بەدکرداربووە .

بیفرۆشم ئەگەر ئیمرۆ بە سی لیرە بەلاشە
قوربانی گونت بێ دەنی‌مەشرەب کەرەدێزە !

× × ×

وەك ئەسپە سەر و گەردەنی گوێی‌قیت و جوانە
باکی نی‌یە هەرچەندی بکەی باری گرانە
ئەمسالی نی‌یە قەتعی لەناو قەومی کەرانا
قوربانی گونت بێ دەنی‌مەشرەب کەرەدێزە !

× × ×

ترست نەبێ بازۆ لە بیابان و لە کێوان
چەند لێی دەوەشی قەوچ و قەڕاسە و جل و کورتان
نەستێنێ خودا مودەکی زۆر ئەم کەرە لێمان (٦)
قوربانی گونت بێ دەنی‌مەشرەب کەرەدێزە !

× × ×

ڕۆین نی‌یە ڕەهوانی ئەچێ یانە بەغارە
هەروەك کەتەڕێ نابینرێ تۆزی دیارە

---

(٦) ئەم نیوە دێڕە شیعرە لە دەقەکەی گۆڤاری هەوتاودا بەم جۆرە نووسراوە :
[ یارەبی هەتا مدەکی زۆر ون نەبێ لێمان ]
بەڵام ئێمە لەسەر دەقی دەستنووسەکەی شاعیر بەو جۆرەی سەرەوە ڕاستمان کردەوە .

وەختی نی‌یە ئێستا کەرەدێز مەمرە بەهارە (٧)
قوربانی گونت بێ دەنی‌مەشرەب کەرەدێزە !

× × ×

پشت‌کووڕ و کەفەڵخڕ ، سمی‌کورت ، چوارپەلی ئەستوور
مووی کلکی درێژە قەوی موترب بکە تەمبوور
کانی (٨) هەیە پەیدا ئەبێ وەك ئەم کەرە مەغروور ؟
قوربانی گونت بێ دەنی‌مەشرەب کەرەدێزە !

× × ×

پێستیشی دەغاریێ لەبۆ دەف بیدەمە حاجی (٩)
دەکرێتەوە ئەوجا لە مەقام حاجی میزاجی
لێدە دەفی کەر ( پاپخەکوێر ) (١٠) کەتیە (١١) رەواجی
قوربانی گونت بێ دەنی‌مەشرەب کەرەدێزە !

---

(٧) ئیشارەتە بۆ ئەو پەندەی کە دەڵێ ( کەرە مەمرە بەهارە کورتانت بۆ دێ لە شارە ) ٠

(٨) لێرەدا مەبەست لە ووشەی (کانی) جگە لە نازناوی شاعیر ، ئامرازی پرسیارکردنی (کوانێ)یە و بە شێوەی هەولێر گوتوویەتی٠

(٩) مەبەستی لە (حاجی) حاجی عەبدوڵلای دەفزەنی ناوداری هەولێرە و ئێستا کۆچی دوایی‌کردووە ٠

(١٠) پاپخەکوێر : دەفزەنێکی شاگردی حاجی عەبدوڵلایە ٠

(١١) کەتیە : بە شێوەی‌هەولێرە لە جیاتی (کەوتیە)ی بەکارهێناوە ٠

# ژن (١)

ئەم بەیتە بۆ ژنانە
بۆ خراپ و چاکانە (٢)
زۆر ڕاستە ئەم قسانە
چی گوترابێ وەهانە
هەندێك ژن هەندێك ژانە
هەندێك ڕوحی ڕەوانە
هەندێك فیتنە و شەیتانە
هەندێك حەرەمگرانە !
هەندێك قووتی دڵانە
هەندێك کەر و نەزانە
هەندێك خانوخەرمانە
هەندێك ئێسك گرانە
هەندێك بەدخوونە بانە
هەندێك جانی جانانە

---

(١) ئەم هونراوەیە لە گۆڤاری هەتاوی ژمارە (٤٣)ی ڕێکەوتی ١٠ــ١٠ــ١٩٥٥ وەرگیراوە ٠

(٢) هەرچەندە (کانی) لە کۆتاییدا ئەوەی دەربڕیوە کەئەم هۆنراوەیەی بۆ سوحبەت و گەمە داناوە ، بەڵام لە ڕاستیشدا دوو نموونەی ئافرەتمان بۆ دەستنیشان دەکا نموونەی نەزان و دواکەوتوو ، بۆ ئەوەی ئافرەتی کورد خۆیان لێدووربخاتەوە لەگەڵ نموونەی پێشکەوتوو تەواودا ، بۆ ئەوەی ژنی کورد پەیرەویان بکات ٠

هەندێك ئیشی بوختانــه
هەندێك سوسن و ڕەیحانــه
هەندێك بێ قوونەبانه
هەندێك پوختە و کابانه
هەندێك سەی قەسابخانه
هەندێك شاهی جیهانه
هەندێك بێ رزق و نانه
هەندێك دەوای دەردانه
هەندێك لۆتیی مەیدانه
هەندێك گوڵی باخانه
هەندێك ژەهرزوبانه
هەندێك مەجلیسی جوانــه
هەندێك نزیك بەڵانه
هەندێك چرای شەوانه
هەندێك بێ دەرکە و بانه
هەندێك شۆخی زەمانه
هەندێك تەوقی مەلانــه
هەندێك تاجی سەرانه !
مەقسەدم لەم بەندانــه
بو صوحبەت و گەمانه !

# به بۆنەی دروستکردنی
## ساختمانی قوتابخانەی یەکەمی هەولێرەوە

له هەولێر مەدرەسەی یێکەم گوشابوو
هەموو مەکـتەب له هەژمەت مەنحەنابوو

له شکڵی قەسری ئیبرەم هاته مەوجوود
لەبۆیه لایقی مەدح و سەنابوو

لەتیفه مەنزەرەی مەنزووری عالەم
بینایێکی عەجایب دڵگوشابوو

به شادی موڵك و میللەت بوو موعەممەر
حەقیقەت زۆر موزەییەن چاکرابوو

دەڵێ بێ نۆ و دەش تەئریخی (کاتی)
له لاشم هەروەکوو جەننەت سەرابوو

---

(١) کاتی به بۆنەی تەواوبوونی بینای قوتـابخانەی یـەکەمی هەولێر له ساڵی ١٩٣٠دا ، ئەم پارچه هۆنراوەیەی داناوه ٠

# جانا چی‌یە ئەمشەو (١)

جانا چی‌یە ئەمشەو بە فیدای زولفی خەمت بم
میوانی سەروسینە و لیمۆیی مەمت بم

چەن خۆشە بە شەو تا بە سەحەر ئەی گوڵی رەعنا
بێ خەوف و خەتەر دەس لەمل و دەم بەدەمت بم

زۆر دڵ بەغەم و پڕ کەدەر خەستەمە ئەمشەو
لێم پرسە وەرە تاوەکوو خاکی قەدەمت بم

مەوسووف بە سوراحی مەیە ئەم گەردەنی سافت
حەیرانی سەر و گەردەن و قەددی عەلەمت بم

وەك ئادەمی لێم بویتە گەنم دانەیی خاڵت
قوربانی خەت و خاڵ و روخی وەك ئیرەمت بم

ساقی وەرە بۆم تێکە هەتا وەختی بەیانی
سەرخۆشی کەف و ساعید و دەست و کەرەمت بم

بۆ ماچی دەمت وەعدەیە فەرموو وەرە (کانی)
تازوو بە فیدای عەهد و وەفا و لوتفی کەمت بم

---

(١) گۆڤاری (هەولێر)ی ژمارە (١) ساڵی (٢) مایس ١٩٧١ ٠

# به بێ سووچ (١)

به بێ سووچ و گوناهـ بۆ عاجزی لێم ئەیستەمکارم
دەخیلت بم ئەگەر عەفوم نەکەی زۆر دڵ بەئازارم

دەمێکە دڵ ئەسیری پەرچەم و چاهی زەنەخدانە ، (٢)
توخوا (٣) شاهم نەکەی گەر لەم کەلەپچە و بەندە رزگارم

دەبینم حازرن دایم لە دەورەت مەحرەم و ئەغیار
بە تەنها هەر ئەمن دوورم ، لەبەر ئەم دەردە بیمارم

شەپۆلی خوێنی چاوم هەروەکوو ئەمواجی عوممانە
لە گێژی پڕ خەتەر وەك کەشتی ئەسکەندەر گرفتارم

هەتاکەی دەرد و میحنەت ، ئەی جەفاجۆ (٤) دەتگری ئاهم
مرووەت سا خەلاسم کە ، نەما هیچ تاقەت و چارم

ئەگەر پێت بارە ژینم بۆ فەنا سانایە تەدبیرم
وەکوو مەنسووری قوربان گەر بکەی بەم زولفە بەردارم

لە هەوری ئاسمان (کانی) نە دەنگی هەور و بارانە
مەلائیك گشت لە گریانن لە ئاهـ و ناڵە و زارم

---

(١) لە گۆڤاری (هەولێر)ی ژمارە (١) ساڵی (٢) ڕێکەوتی مایسی ١٩٧١ وەرگیراوە .
(٢) چاهی زەنەخدان : چاڵی چەناگە .
(٣) بۆ ئەوەی کێشی شیعرەکە تێك نەچێ پێویستە وشەی (خوا) بە سووکی بخوێنرێتەوە .
(٤) جەفاجۆ : جەفابەخش ، جەفادەر ، زۆردار .

# هەرچەندە دەکەم (١)

هەرچەندە دەکەم سەعی لەبەر قەلبی حەزینم
ئومیدی ویسالم نی‌یە ( بێ بەهرەیە ژینم ) (٢)

جانا وەکوو بردت سەروماڵ و دڵ و جانم
رەحمێ بکە توخوا کە نەچێ مەزهەب و دینم

بێ‌عارە بکەم بۆی بە هەدەف سینەیی سۆزم
برژێنێ بە تیری موژەی ئەم زاڵمە خوێنم !

ئەی ئەسمەری شیرین سوخەنم کانی (٣) وەفای تۆ ؟
جارێکی بپرسی چی‌یە دەرمانی برینم ٠

شەو تا بە سەحەر هەر لە فیراقی تۆ ئەناڵم
عالەم هەموو بێزارە لەبەر شین و گرینم !!

ئەمڕۆکە ئەتۆ ئارەزووی ساقی کەرمت کرد
خوێنی دڵمە عەکسی لەناو بادە دەبینم !

(کانی) لەبەر ئەم فیکرە دەکەی بادەپەرستی
یانە لە ئەزەلدا کە بەمەی حەلبووە تینم (٤)

---

(١) گۆڤاری هەولێر ، ژمارە (١) ، ساڵی (٢) رێکەوتی مایس ١٩٧١ ٠

(٢) راستر وابوو بڵێ : [ بێ هوودەیە ژینم ] ٠

(٣) کانی : بەشێوەی هەولێر واتا : کوانێ ٠

# ساقی وەرە ئیمشۆکە (١)

ساقی وەرە ئیمشۆکە لەبۆم تێکە پیاڵە ،
بۆ مەززە لە ڕووت کافیە ئەم دانەیی خاڵە

هەرچەندە بە شەرع بادە حەرامیشە وەلێ من
بێ تەقیە دەخۆم حۆری لە دەستی تۆ حەڵاڵە

مەعلومە کە ئەم حاڵەتە بێ سڕ نی‌یە ئافەت
چاوم ئەگەر دەت بینێ زمانم وەکو لاڵە

خوێنی دڵمە عەکسی لە ڕووت کردووە ئیزهار
چاوت ئەگەر ئینکاری نەکا شاهیدی حاڵە

چەند خۆشە بکەم دائیمە من وەصفی جەمالت
زولفت شەوی تاریکە ، برۆت عەینی هیلالە

دەرناچێ ئەبەد صورەتی تۆ نەقشە لە دڵدا
مومکین نی‌یە ئەم صورەتە بڕوا لە خەیاڵا

(کانی) بەسە ئیتر چی‌یە ئەم عیشق و هەوایە
پیربووی بە خودا عومری عەزیزت لەزەوالە !

---

(١) لە (گفتوگۆیەکی ئەدەبی لەگەڵ بورهان جاهیددا) وەرگیراوە کە لە ساڵی ١٩٧٣ لەبەغدا چاپکراوە ٠

# دوودی دەروونم (١)

دوودی (٢) دەروونم لە سەما بۆ سەحاب
خوێنی سرووشکم بووە سەیل و حەباب

کون کونە سینەم هەدەفی گوللەتە
دێ لە دڵم دایما بۆنی کەباب

تاریکە ڕێم خوایە بە خۆت ڕەهبەری
لادە ، قەمەر دەرچێ ، لەسەر ڕووت نیقاب

تەوقی جنوون روتبە و نیشانمە ،
خۆم شەهی وەحشی بەڕ و بەحر و سەراب

ئاگرە لەیلا لە سەرم عیشقەکەت
دڵپڕی جۆشە وەکوو کووپی شەراب

چەندی بکەی جەور و جەفا قایلم ،
چونکە جەفا پیشەتە ناکەم عیتاب !

ڕۆژی جەزا ڕەنگە بەڕائەت بکەی
(کانی) لە دنیا گەلەکت دی عەزاب !

---

(١) لەکتێبی ( لەیلە و مەجنوون ) ، ل ٥٦دا ، وەرگێڕانی ( کانی ) وەرگیراوە ٠

(٢) دوود : ووشەیێکی فارسی یە مانای دووکەڵە ٠
حەباب : بڵقی سەرئاو ( ووشەیێکی عەرەبی )یە ٠
بڕوانە (المنجد)ی لویس معلوف ، ل ١١٣ ساڵی ١٩٦٦ ٠

# ئەمڕۆ چ عەجەب

ئەمڕۆ چ عەجەب هاتی لە پێشم گوزەرت‌کرد
جانم لە بەدەن جانە بە یەك غەمزە دەرت‌کرد

مەیلت لەشەڕ و ئەزیەتە مومکن بوو لە ڕەنگت
بێ‌چارە دڵم هاتی بە غەم پڕ خەتەرت‌کرد

گەر مەقسەدی تۆ لەم گوزەرە لوتف و کەرەم بوو
ئەم جامەیی سوورەی غەزەبە بۆ لەبەرت‌کرد

بەم جلوەیی جەللادی وەکوو هاتیە خەرامان ، (١)
زانیم کە لەبۆ قەتلمە وەختێ نەزەرت‌کرد

بۆ خوێنی سەرم هەردوو برۆت هاتە ئیشارەت
خوێن ڕێژی گەلێ باشە ئەزانی هونەرت‌کرد ؟!

ترسم هەیە موجرم‌بی بە خوێنم لە قیامەت
پێت خۆش نەبوو ئەم قەولە لەبۆ‌بێ کەدەرت‌کرد

پێم سووکی‌یە شاهم وەکوو ئەم خەڵکە بزانێ
بۆ کوشتنی (کانی) کەتۆ عەزمی سەفەرت‌کرد

---

(١) خەرامەن : ووشەیێکی فارسی‌یە بە مانای ناز و لەنجە دێ ٠

# پەریشـانم

پەریشانم لەبۆ زولفی پەریشانت (١)
بریندارم بە نووکی تیری موژگانت (٢)
لە منداڵیوە دڵ قەیدەلحەیات بەندە
ئەسیرە وا لەناو چاهی زەنەخدانت
بەرایی بەعزێ دەتپرسی لە ئەحواڵم
نەماوە چاوەکەم بۆ لوتفی جارانت
نە ئەمڕۆ روحەکەم مەجنوونی تۆم لەیلا
سەر و ماڵم دەمێکە بویتە قوربانت
بە فێڵی چاوکولی هاتم ببینم تۆ ،
قەبووڵم کە ئەبم یەك لەحزە میوانت
لە سێدارەم بدەی مەنسوور (٣) صیفەت ڕازیم
بە دایم ملکەچم بۆ ئەمر و فەرمانت
هەقی ئینصاف و مەردیت وا نی‌یە شاهم
لە دەشت و کێو جنوونیم بێتە سەیرانت
تەحەممول تا بەکەی قوربان نەما سەبرم
قەرارم چوو لە ئێش و دەرد و هیجرانت
وەکو (کانی) لە چاوم دێتە دەر ئەشکم (٤)
ئەچێ هەڵبەستێ جۆگا بۆ گوڵستانت

---

(١) پەریشان : بە دوو مانادێ یەکەمیان : غەمبار و دووەمیان پەرتو بلاو ، بۆیە دەڵێ [ غەمبارم بۆ زولفی پەرت و بلاوت ] .
(٢) موژگان : برژانگ .
(٣) مەبەستی لە مەنسوور : مەنسووری هەللاجە .

# گەلێ دووره کۆیی یارم (٢)

گەلێ دووره کۆیی (٢) یارم ،
قەت نایگەمێ گرانبارم !

دڵ بێ سەبر و خۆم بیمارم
خودایە خۆت بکەی چارم !!

لەو رۆژی بووم مایيلی ئەو ،
لێم حەرام بوو خواردن و خەو

ڕۆژ بێعەیشم نانووم بە شەو
دەمێکە دووری دیدارم !

لەهیجرت سووتاوە جانم
دەچێ بۆ عەرش ئەفغانم (٣)

بە دایم هەر لە گریانم !
خوایە لەم روحە بێزارم

کوێری فیراقی چاوەکەم ،
بە شێتی رۆیی ناوەکەم

---

(١) ئەشك : فرمێسك .

(٢) لە گۆڤاری (هەولێر)ی ژمارە (١)ی ساڵی (٢)وە وەرگیراوە .

(٣) کۆ : ووشەییێکی فارسی‌یە بە مانای مسکن ، گەڕەك ، کووچە دێ.

(٣) ئەفغان : هاوار و ناڵە .

ئاگری گرت هەناوەکەم
عیشق تێکی‌دا ئاسارم

بێ ڕەحمە زۆر نیگاری من
گوێ ناداتە هاواری من

نەما سەبر و قەراری من
بوو بە عیشق ئیش و کارم

لە بەحری دەرد و غەم‌دامە
لە عیشقت شێت و شەیدامە

ئەسیری بەندی سەودامە
هەمیشە دڵ بریندارم !!

شەپۆلی‌دا دیسان (کانی)
جۆگەی بەست بۆ گوڵستانی

ئاوی‌دا سوسن و ڕەیحانی
بۆیە ئاودارە ئەشعارم

# سەد سەد

سەد ئاهوویی (١) وەحشی نەزەر و مەهوەش و دڵدار
سەد غەمزەیی جادوو و پەری ئەفسوونکەری عەییار
سەد ساقیی ساغر (٣) بەکەف و نێرگز و خومار (٤)
هەریێکی بەسەد شێوە بکا حوسنی خۆی ئیزهار

× × ×

سەد ئەبرۆکەمان خاڵی سیاه زولفی پەریشان
سەد لەعلی لەب و غونچەدەهان (٥) ، روویی درەخشان
سەد سەروو قەد و شەمس و شەب و لەنجەخەرامان
هەریێکی بە سەد غەمزە بکا عاشقی حەیران

× × ×

سەد ئافەتی نازك بەدەن و گەردەنی مینا
سەد وەجهی قەمەر حۆری لیقا دلبەری ڕەعنا

---

(١) ئاهوو : ئاسك ، مامز •

(٢) مەهوەش : جوانی وەکو مانگ •

(٣) ساغر : بادە ، پیاڵەی شەراب •

(٤) خومار : سەرخۆش •

(٥) دەهان : دەم ، زار •

سەد سینەسەدەف جالبی دڵ عارف و دانا
هەر یێکی بە سەد عیشوە (٦) بکا عەرض و تەمەننا

× × ×

سەد لالەروخ و تووتی زوبان ئاشوبی(٧) دەوران
سەد ماهیجەبین پەرچەمیچین سێبی زەنەخدان (٨)
سەد دوختەری تەرسایی یەهود ، گەبر و موسڵمان
هەر یێکی بە سەد نەوعێ بکا عاشقی ناڵان !

× × ×

سەد ئەسمەری شیرین سوخەن و عاقڵ و خۆش خوو
سەد سوحبەتی خۆش جلوەنوما عەنبەری گێسوو
سەد عارضی(٩) گوڵ ئەهلی سەفا شاهید و مەهڕوو
هەر یێکی بەسەد لەهجە بڵێ (کانی) بفەرموو
مەیلم لە تۆ ڕەت نابێ ئەیا شۆخی ستەمکار
ڕوح و بەدەنم جانە بە قوربانتە سەد جار

---

(٦) عیشوە : ناز .

(٧) ئاشووب : فیتنە .

(٨) سیبی زەنەخدان : سێوی چەناگە .

(٩) عارض : ووشەیێکی عارەبییە بەرامبەر بە ووشەی : کوڵم ، ڕوومەتە .

# گۆرانی

سەرخۆشم لە دیارت
بە دوو چاوی خومارت
لێوت غونچەی نەشکوفتی
منم بولبولی زارت

× × ×

لە ئاهمە لە ئاهمە
سوتنت لە ئاهمە !!
خاڵت حجر الاسود ،
برۆت قیبلە گاهمە

× × ×

بولبولی ناو رەزانم
ناڵە و فیغان دەزانم
بەهارم بە غار ڕۆیی
زوو هات وەختی خەزانم

× × ×

بە تیرت لێ دراوم
بۆیە زەین بڵاوم

له پێش چاوم بزر بووی
هاتیە دوڕ هەناوم

× × ×

حەبیبە حەبیبمە
چاو لە ڕێی حەبیبمە
خوایە دڵم نەیێشێ
چونکە جێی حەبیبمە

× × ×

چەند شرینی ••• •••
چەند شۆخی چەند شیرینی
فەرهاد چیای دەسمی
بە هیوایی شیرنی

× × ×

گوڵەکانی ••• •••
چاوم دا گوڵەکانی
فرمێسکم جۆگەی بەستن
ئاوی دا گوڵەکانی

# آه من العشق

گاهـ دەگریێم دەناڵم گەهی ،
هیچ لە عیشقت نەبوو قەلبم تەهی
چەند بە ویقاری وەکو شاهەنشەهی
تابیعە ڕوحم لەبـۆ ئەمرِ و نەهی
آه من العشق و حالاته ، (١)
أحـرق قلبي بحراراته !!

× × ×

لەم هەموو دنیایە کەبووم بێبەری
کەوتمە سەودا سەری وەك موشتەری
تاریکە ڕێم خوایە بە خۆت ڕەهبەری
عیشق چواندی هەموو سیم وزەڕی (٢)
آه من العشق و حالاته ،
أحـرق قلبي بحراراته !!

× × ×

خۆشە لە دڵ عیشق و مەحببەت تەمام
عاقیبەتی تاڵ و نەخۆشە بەڵام
تێبگە گەر عارفی پەند و کەلام
خۆت مەکە رەنجەڕۆی عیشق بالدوام
آه من العشق و حالاته ،
أحـرق قلبي بحراراته !!

---

(١) وەك لە (بورهان جاهید)ی شاعیر برازای کانیم زانیوە ئـەم تاکە شیعرە هیفضولی شاعیری ناوداری تورکە ۰

(٢) سیم وزەڕ : زیوو زێڕ ۰

خەستەمە چاوم لەبۆ چاو و برۆت
قەت نەکوژاوە لە دڵم سۆتەسۆت
بیکەمە قوربانی سەروماڵ لەبۆت
دامە عیشق سەروەت و عەقلم فرۆت
آە من العشق و حالاتە ،
أحـرق قلبي بحراراتە !!

× × ×

ڕۆژێ عەقڵ پێمی گوت : ئەی بێخەبەر
کردووە سەودا گەلەکی دەربەدەر
تەڵخە (۳) عیشق لێی بکە سەرفی‌نەزەر
ڕەنجی دیارە وەکوو ڕۆژ و قەمەر
آە من العشق و حالاتە ،
أحـرق قلبي بحراراتە !!

× × ×

ئەو هەموو ئەشعارە لە دڵ دێتەدەر
زۆر بە غەم و پـڕ کەدەر و بێخەبەر
دێتە دەرێ (کانی) لە زارت گوهەر
لەهبەیی (٤) عیشقە کە لەبۆ تۆهونەر
آە من العشق و حالاتە ،
أحـرق قلبي بحراراتە !!

× × ×

---

(۳) تەڵخ : ووشەیێکی فارسی‌یە بە مانای تاڵ و تام‌ناخۆش دێ .
(٤) لەهبە : مەبەستی لە (لهب)ی عەرەبی‌یە ، واتا گڕی ئاگر .

## « هەڵـێن »

ئەڵێم من نۆ حرووفی یەك موعەمما
بزانی هەرکەسێ دانایە ئەمما

ئەویش لووتی وەکوو لووتی بەرازە
وەکوو دووپشکە پاشی دەنگی قازە

وەکوو تەختی سولەیمان سەرهەوایە
مەرام بەخشە بەڵام نێزیك بەڵایە

ئەبێ ئەم نۆ حرووفەش لێكجوداکەم
بە تورکی و کوردی مەعناشی ئەداکەم

بە تورکی شارەتە دوو حەرفی پێشی
بە کوردی مێوەکە دوو حەرفی دیشی

لە ئەعزا دوو حرووف کوردی هەمانە
لە تورکی سێ حرووف مەعنا بزانە

هەڵێنی کانی کەس بێتو هەڵێنی
لە دنیا دەرد و میحنەت قەت نەبینی

وەڵام « ئۆتۆمۆبیل »ە

## « هەڵبێن »

ئاشنایی چاهی قەلبە بێ گومان
باش ئەکاتن جوملە ئەسراری نیهان

زەڕڕەیێ هەرکێ هەبێ لێی ئیشتیباه
خۆی ئەزانیتن لە دونیا پادشاه

چەندی ئەربابی عەقل ئەهلی فنوون
ژێری پەنجەی وی هەموو بوینە زەبوون

سەرکی حەفتا کلکی سەد بیکەی حیساب (۱)
سێ حرووفە ناوی بێ پەردە و حیجاب

صورەتەن زاهیر نییە بینۆڕیێ
تامی لێناکرێ لە تاڵی و سووریێ (۲)

هەرکەسێ بێتو بزانیتن یەقین ،
بەو کەسە (کانی) دەڵێ سەد ئافەرین (۳)

وەڵامەکەی ( عشق )ە

---

(۱) مەبەستی ئەوەیە پیتی یەکەمی بە حیسابی ئەبجەد هەفتایە کە پیتی (ع)ەو پیتی دوایشی سەدە کە پیتی (ق)ە ٠

(۲) سووری : سوێری ٠

(۳) ئەم هەڵبێنەی کانی لە ژمارەیێکی گۆڤاری ڕوناکیدا بڵاوکراوەتەوە ٠

# پەرێشانە هەناوم

دایم بەغەم و دەرد و پەرێشانە هەناوم ،
شەو تا بە سەحەر مەیلی لە گریانە هەناوم
وەك بولبولی شەیدا لە چ ئەفغانە هەناوم
پەروانەسیفەت شەوقی لە سووتانە هەناوم

× × ×

ئەمڕۆ لە مەکانم بزرم بێسەر و شوونم (۱)
ئێشم هەیە نابینی چ مەحزوون و زەبوونم
دەس لێمەدە دەکولێتەوە پڕخوێنە دەروونم
ئەی خوایە چ ئاشفتەو و (۲) حەیرانە هەناوم

× × ×

ڕەحمت نییە گوێ نادەیە خۆ گریە و شینم
مروەت بکە زاڵم وەکوو بردت دڵ و دینم
ئیتر چییە ئەم هەندە ئەدەی دەس لە برینم
فیکرت نەبێ هیچ قابیلی دەرمانە هەناوم

× × ×

---

(۱) شوون : شوێن ، جێگا ٠

(۲) ئاشفتە : ووشەیێکی فارسییە بە مانای پەشێو و ئاڵۆز دێ ٠

تەڕدم مەکە (٣) لەم قاپی‌یە مسکین و غەریبم
بەڵکو هەبێ لەم باخ و چەمەنزارە (٤) نەسیبم
شادم بکە ئەم جارە لەبەر رەغمی رەقیبم
تاکو نەفەسم ماوە دوعاخوانە هەناوم

× × ×

دوو قوببەیی سینەت خڕ و بۆنی (٥) وەکو بێنە
نەمدیوە لەمێژە بە خودا دڵ لەخورێنە
ڕووت بێنە بەڵام زولفی دەرازت (٦) مەهەژێنە
بۆ لەعلی لەبت تالیبی ئیحسانە هەناوم

× × ×

ئەو یارە کە مەفتوونی ئەوم شۆخی زەمانە
غارەتگەری ماڵ و دڵ و جان ، دین و ئیمانە
هەر حوکمێ بکا لایقە چون شاهی جیهانە
بۆئەمرۆ نەهی تابیعی فەرمانە هەناوم

---

(٣) تەڕدمەکە : طردمەکە : دەرمەکە .
(٤) چەمەنزار : ئەو شوێنەیە مێرگ و چیمەنی زۆر بێ .
(٥) دەبوایە بیگوتبایە (بۆنیان) چونکە بۆ داوو قوببەکەی سینەیەتی بەڵام لەبەر کێشی شیعرەکە کردوویەتی بە (بۆنی) .
(٦) دەراز : ووشەیێکی فارسی‌یە بە مانای (درێژ) دێ .

# شیعری تاك تاك

نامەردم ئەگەر مینەتی نامەردی بکێشم
پێم خۆشترە ئەی (کانی) بە پشت بەردی بکێشم

× × ×

صاحیبی سێ شت قەت نادیم نابێ
فیکر و عەمەل و قسەشی چابێ

× × ×

ڕۆژ لە وەختێکی خراپ ئاوابوو
کۆزی مندالم هێشتا ساوابوو !

× × ×

ئوستادی غەزەل ( صافی )یە جێگەی لە هیرانە
مەدحی چ بکەم زاهیر و مەشهووری جیهانە

× × ×

سەخا بۆ ئەو کەسە باشە کە هەیبێ
سەخا ( شێتاتی‌یە بۆ وەی )کە (١) نەیبێ !

× × ×

---

(١) شێتاتی : بە شێوەی هەولێرە ، مەبەستی شێتایەتی‌یە ٠

دووری له نه‌زه‌ر حازری دایم له خه‌یاڵم
حه‌سره‌تکه‌شی دیدارتم ئه‌ی به‌دری که‌ماڵم

× × ×

که شێر پیر بوو ده‌بێته مه‌سخه‌ره‌ی گورك و سه‌گ و ریوی
جوان فه‌ردێکه (کانی) با نه‌شرکا چاپه‌که‌ی گیوی (۲)

× × ×

خۆی له‌گه‌ڵ حه‌ق، رێکی خست ئه‌مما له ئه‌ڵڵا بوو به‌ری
هه‌م له ئه‌هلوڵڵا به‌ری بوو ، که‌وته جه‌ننه‌ت جه‌وهه‌ری (۳)

× × ×

عه‌یبی نی‌یه شیعرم وه‌لێ بۆ ئه‌وکه‌سه عه‌یبه
نازانێ له شیعر و ده‌ڵێ ئه‌م شیعره به عه‌یبه

× × ×

با بمرێ حه‌سوود و به‌د و ئه‌و فیکری به‌عه‌یبه
تا ماوه نه‌جاتی نی‌یه له‌م فیکره به‌عه‌یبه (٤)

× × ×

---

(۲) گۆڤاری (هه‌تاو)ی ژماره (۷). ساڵی (۱) رێکه‌وتی ۱٥ی ئابی ۱۹٥٤ ق ل ۱۳ .

(۳) مه‌به‌ستی له نوخته‌یه ، له (اللّه) و (أهل) الله دانی‌یه و له‌حه‌ق و جه‌نته‌ت و جه‌وهه‌ردا هه‌یه .

(٤) گۆڤاری (هه‌تاو)ی ژماره (۲٤) ساڵی (۱) رێکه‌وتی ۱۰ی مارتی ۱۹٥٥ ، ل ٥۰ .

# پێنج خشتەکی

لەم بەشەدا ئـەو شیعرانە بڵاودەکەینەوە کە پێنج خشتەکـی (کانی) بن لەسەر شیعری شاعیرانی دیکە ، یاخود شـیعری (کانی) بن و لە لایەن شاعیرانی دیکەوە کرابن بە پێنج خشتەکی

# پێنج خشتەکی کانی

## لەسەر شیعری « مەسیحا »(١)ی

## شاعیری ناوداری ئێران

بێمیسلە جەمالت لە هەموو موسلم و ئیفرەنج (٢)
بێهۆشە دڵم جانە لە عیشقی تۆ بە بێ بەنج
تەصویرە خەیاڵی تۆ لە سینەم وەکوو شەترەنج
« چشم و خط و خال و رخ و ابروی تو هر پنج
زیباست بر آن عارض نیکوی تو هر پنج »

★ ★ ★

هەرچەندە ئەکەم ئاه و فیغان ، ناڵە و فەریاد
بۆ شەوقی جەمالت دڵ و جانم بووە بەرباد
شاهم ! لە تەمەننایی ویسالت هەنە دلشاد (٣)
« سرو و سمن و یاسمن و عرعر و شمشاد
کشتند فدای قد دلجوی تو هر پنج »

★ ★ ★

---

(١) مەسیحا (مسیحا) نازناوی شاعیری ناوداری ئێران [ حکیم رکناکاشی ]یە کە نزیکترین شاعیربووە لە دەرباری ( شاعەباسی سەفەوی) لە ساڵی ١٠٦٢ی کۆچی لە شاری کاشان کۆچی دوایی کردووە – بنوارە کتێبی [ تاریخ زبان و ادبیات ایران – از تیمور تا کریم خان زند ] بەشی دووەم – ١٣٥٣ انتشارات مانی ٠ نوشته پروفسور عباس مهرین (شوشتری) ل ٧١ ] ٠

(٢) لەگۆڤاری ڕوناکی ژمارە (١١)ی ساڵی (١) ، ل ١١ )ەوە وەرگیراوە ١٦ی مایسی ١٩٣٦ ٠

(٣) هەرچەندە دەقی ئەم دێرە شیعرە لە گۆڤاری ڕووناکیدا بەم جۆرە هاتووە [بلبل متأسر بوو هەموو هاتنە فریاد ] بەڵام چونکە سەرەوای دێڕی یەکەمیشی هەر ووشەی (فریاد)ە و ئەمەیش نابێ ، بۆیە لەسەر دەقی دەستنوسی دیوانەکەی بەم جۆرەی سەرەوە ڕاستمان کردەوە ٠

چارێکی بکەی زەخمی (٤) دەروونم چی‌یە دەرمان
ماڵ و سەر و دینم لە ڕەهت (٥) بیکەمە قوربان
تەنها نەمنم عاشقی حۆسنی تۆ بە قورئان
شمش و قمر و مشتری و زهره و کیوان (٦)
هستند هواخواه سر کوی تو هر پنج »

★ ★ ★

مەستم لە فیراقی تۆ دڵم پڕ ئەلەم و ئێش
لوتفێ بکە جارێ بەسە بۆ عاشقی دلڕیش (٧)
ناچم ئەبەدەن لەم دەرە بۆ دەرگەیێکی دیش
« پیویستە من و عابد و زاهد ، شه و دەرویش
بوسیم کف و پای سگی کوی تو هر پنج »

★ ★ ★

گەر عاشق و شەیدایی حەقیقی بە صەحیحی
وەك (کانی) سەرت دانێ لەبۆ عیدی زەبیحی (٨)
خۆڕایە لە مەیدانی عیشق فەهم و فەصیحی
عقل و خرد و هوش و دل و جان « مەسیحی »
برباد شد از حلقهٔ گیسووی تو هر پنج »

---

(٤) زەخم : زام ، برین ٠
(٥) ڕەهـ : ڕێگا ٠
(٦) کیوان : کەیوان : ئەستێرەی (زوحەل)ە ٠
(٧) دلڕیش : فارسی‌یە ، بە مانای دڵبریندار دێ ٠
(٨) عیدی زەبیحی : جەژنی قوربان ٠

# پێنج خشتەکی «میهری» (١)
## لەسەر شیعری «کانــی » (٢)

لاوینە وەرن با هەموو حەیرانی وەتەن بین
حەیرانی گوڵ و سونبول و ڕەیحانی وەتەن بین
حەیرانی درەخت و چەمەنستانی وەتەن بین
« خزمینە وەرن تاکو بە قوربانی وەتەن بین
قوربانی چیا و دەشت و بیابانی وەتەن بین »

× × ×

تا چەند لە ژێر پەنجەیی بێگانە بمێنین ؟
تا چەند سەراسیمە و دیوانە بمێنین ؟
بێ فابریقە و تۆپ و جباخانە بمێنین ؟!
« تاکەی لە کون و قوژبنی وێرانە بمێنین ؟
با ئیدی لەسەر کوششی عومرانی وەتەن بین »

× × ×

---

(١) میهری : نازناوی محەمەد شەریفی شاعیری هاوچەرخی (کانی)یەو لە نێوانی (١٩٠٩ ـ ١٩٤٢ )دا ژیاوە ٠

(٢) لە (بەشێك لە دیوانی میهری ـ بژاردن و ئامادەکردنی عەزیــز گەردی ) چاپخانــەی ڕاپــەڕین ـ سلێمــانی ١٩٧٧ ، ل ٧٢ )ەوە وەرگیراوە ٠

تاکەی ببین ، ئەی لاوی وەتەن هەمدەمی یاری ؟
تاکەی بێبەشی ئێمە فەقر و هەژاری ؟ (٣)
تاکەی بکەین ، ئەی لاوی وەتەن شیوەن و زاری ؟
« تاکەی بگرین ئێمە وەکوو هەوری بەهاری ؟
وەك رەعدی سەما دایما نالانی وەتەن بین »

× × ×

بۆچ دابنیشین دایما ڕووترش وەکوو قول ؟ (٤)
موحتاج و پەرێشان و بە بێ پارە و بێ پول
بۆچ سەعی نەکەین بۆچی نەبین یەكڕوح و یەكدڵ ؟
بۆچ پێنەکەنین لەم چەمەنستانە وەکوو گوڵ ؟
بۆچ غونچەسیفەت سەربەگریبانی وەتەن بین »

× × ×

خزمینە لەبۆ دەفعی شەڕی دوژمنی بەدخوو
بۆ مەحوی بناغە و ئەسەری دوژمنی بەدخوو
بۆ کوشتن و بۆ قەتعی سەری دوژمنی بەدخوو

---

(٣) ئەم دێڕە شیعرە لە دەقی دیوانەکەی (میهری)ەوە لەنگە و بۆ ئەوەی بەڕاستی بخوێنرێتەوە وا باشە دوو برگەی تری بۆ زیادبکرێ و بە جۆریکی ئاوا راستبکرێتەوە •
[ تاکەی بێبەشی ئێمە و هەر فەقر و هەژاری ] •

(٤) مەبەستی لە قول : قولەزەنگی ، قولەڕەشە •

« بۆ گەردەن و سینە و کەمەری دوژمنی بەدخوو
با دەست بە قەمە و خەنجەری بڕانی وەتەن بین »

× × ×

یارەبی ! چ دەردێکە ئەمەی خستووە بەندی
مەحکووم و ئەسیرین هەموو دڵ پڕ بوو لە دەردی
بۆ ئێمەیە ناخۆشی و بۆ عالەمە شەهدی
« یارەب چ دەبێ ئێمەش ئەگەر هەروەکوو هێندێ
لەشکرشکەن و ڕۆستەمی مەیدانی وەتەن بین »

× × ×

تا چەند لە ڕێی عیشق ئەبێ (میهری) تو بەدحاڵ ؟
تا چەند لە ڕێی عیشق ئەکەی سەرفی زەڕ و ماڵ ؟
تا چەند ئەکەی وەسفی کەمەر بازن و خلخاڵ ؟
« تا کەی ئەدوێی (کانی) لە ئەوسافی خەت و خاڵ
وا چاکە لەمەولا کە غەزەلخوانی وەتەن بین »

# پێنج‌خشته‌کی ( جاهید )

## له‌سه‌ر شیعری ( کانی ) (١)

بڕوا ده‌می عه‌جز و ئه‌له‌م و حه‌سره‌ت و ناڵه
ڕه‌نگ ڕه‌نگه له باغانه گوڵ و سومبول و لاله
زایع نه‌بێ ئه‌م وه‌خته که ئه‌یبامی ویساله
« ساقی وه‌ره ئیمشۆکه له‌بۆم تێکه پیاڵه
بۆ مه‌ززه له ڕووت کافی‌یه ئه‌م دانه‌یی خاڵه »

× × ×

جانانه له ناو مه‌جلیسه ساقیمه ئه‌ڵێ من
به‌شکو که ده‌بێ ده‌فعی فیغان و مه‌له‌لی من
مه‌ستانه ئه‌ڵێم پێم بده تێنوومه گه‌لێ من
« هه‌رچه‌ند به شه‌رع باده حه‌رامیشه وه‌لێ من
بێ ته‌قیه ده‌خۆم حۆری له ده‌ستی تۆ حه‌ڵاڵه »

× × ×

بۆ تیری موژه‌ت دایمه دڵ ناگرێ تاقه‌ت
هه‌ر وه‌ختێ ته‌که‌للوم ، که له‌بۆ من بووه عاده‌ت
گیراوه ده‌مم ناگه‌ڕێ له‌م وه‌خته‌دا ئاله‌ت
« مه‌علوومه که ئه‌م حاڵه‌ته بێ سڕ نی‌یه ئافه‌ت
چاوم ئه‌گه‌ر ئه‌ت‌بینێ زوبانم وه‌کوو لاڵه

× × ×

---

(١) له ( گفت و گۆیه‌کی ئه‌ده‌بی له‌گه‌ڵ شاعیری کلاسیکی بورهان جاهیدا به‌غدا ١٩٧٣ ، ل ١٠ ) ه‌وه وه‌رگیراوه .

گوفتێ بدە من خاڵی‌یە لەم مەجلیسە ئەغیار
ماچی لەبت بەو شەرتە لە وەعدی نەکەی ئینکار
مەغروور مەبە بەم ئاڵە لەسەر کوڵمەتە ئەی یـار
خوێنی دڵمە عەکسی لە ڕووت کردووە ئیزهار
چاوت ئەگەر ئینکاری نەکا شاهیدی حاڵە »

× × ×

میحرابی نوێژی منە ئەبرۆیی هیلالت
تاعەتگەهـ و مزگەوتی منە خانە و مالت
ڕوو ڕەوشەن و گوڵ پەرچەم و هەم عەقل و کەمالت
چەند خۆشە بکەم دایمە من وەصفی جەمالت
زولفت شەوی تاریکە برۆت عەینی هیلالە »

× × ×

وەك بولبولی بێچارە ئەوی هەم‌بوو بە گوڵ دا
مەعلوومە کە زنجیری خەم ئالاوە لە ملدا !
باکی نی‌یە عاشق کە بمێنێ لە مەلەلدا ،
دەرناچێ ئەبەد صوورەتی تۆ نەقشە لە دڵدا
مومکین نی‌یە ئەم صورەتە بڕوا لە خەیالا

× × ×

هەرکەس کە لەناو عیشقە بەخوا توشی جەفایە
عاشق نی‌یە یەك لەحزە بکا بەزم و سەفایە
(جاهید) ئەسەری عیشقە مەگەر حاڵی نەمایە (۲)
(کانی) بەسە ئیتر چی‌یە ئەم عیشق و هەوایە
پیر بووی بە خوا عومری عەزیزت لە زەوالە !

---

(۲) نەمایە : نەماوە ٠

## پێنج‌خشتەکی محمد صائیب (١)
### لەسەر شیعری ( کانی )

من کە شێری سەرزەمینم ناشکێنم شەوکەتم
نامەوێ دولکی جیهان شەخصێکی خاوەن عیففەتم
من بەری‌کارم دەخۆم تا ماوە تۆزێ قووەتم
« سەر فرۆ ناکەم بۆ عالەم چونکە عالی هیممەتم ،
ناچوێم بۆ هەموو دنیا لە دەستم رەغبەتم »

× × ×

گیانە زۆر کەس بۆ زیادی ماڵی بێهوشە ئەدا
زۆر کەس ئاسوودە ئەژیتن لای نی‌یە فیز و هەوا
نامەوێ نانی بە مینەت گەرچی ڕووتم ، بێ نەوا (٣)
نابمە سائیل لە عالەم سائیلە عالەم لە خوا
عیززەتی نەفسم هەیە ناڵێمە حاتەم قیللەتم

× × ×

نامەوێ زێتر لە خۆم ئیتر دەرۆزە بۆچ بکەم ،
تێدەکۆشم بۆ ژیانم بێ مەراق و دەرد و غەم ،

---

(١) محمد صائیب نەقشبەندی پارێزەر .
(٢) لە ( گۆڤاری ( هەتاو)ی ژمارە (٤٩)ی ساڵی (٢) ڕێکەوتی ١٠ـ١١ـ١٩٥٥ ، ل ٧ ـ ٨ )ەوە وەرگیراوە .
(٣) بێ نەوا : بێهێز و بێ پشتیوان .

نامەویٚ ئانێك (٤) لەوانەی هەتیان پوول و درەم
من کە ڕازی بووم بە کەم نابم لە شاهەنشاهی کەم
گەر نەکەم شەکوایی حاڵم کێ دەزانێ زیللەتم

× × ×

با نەبم خاوەن ئوتومبیل و (٥) قەسر پێویست نیە
سیم و زەڕ گەر چم نەبێ ئەمما دڵم موستەغنی‌یە
تۆزە چشتێکم هەبێ من قانیعم لام کافیە
خۆ ئەویشم گەر نەبێتن بەسیە نەفسم عالیە
شاهیدە ئاثارەکەم مەعلووم ئەکا ماهی‌یەتم

× × ×

هەرکەسێکی تێ‌بگا من چی دەڵێم ، چەند ماهیرە
هەم لەسەر ڕوویی زەمین مەعلووم و بەرز و زاهیرە
هۆشمەند و گەورەیە و ویجدانی ڕاست و تاهیرە !
ئ کەس و نائەهل و ناقص هەر نەزانن چاترە
کامل و دانا لە گوفتارم دەزانن قیمەتم

× × ×

(٤) ئانێك : مەبەستی لە (ئانەیێکە) بۆ کێش شیعرەکە وای لێکردوە ٠
(٥) گەر لە جیاتی (با نەبم خاوەن ئوتومبیل) گوتبای [ نامەوێ باغ و ئوتومبیل و ) یا (نابمە خاوەن ئوتومبیل و) ئەوا زمانە شیعریەکەی ڕاستدەبۆوە ٠

بانگ بکەین تێکڕا بە جارێ هەربژی شەخسی بەخێر
چونکە ناکەس تۆ دەزانی هیچ لە دنیا نابێ تێر
دایمە ئازا دەبێ مەعلوومە لێمان فەرخەشێر
زاهیرم هەر مەردی مەیدانم وەکوو شێری دلێر
گوێت لەبەیتم بێ ئەکا ئیسپاتی نوتق و قووەتم

× × ×

پەندەکانم وەرگرن ئەی کوردی هوشیار و عەزیم
لابدەن بەرگی جەهالەت قەت نەبن ئێوە لەئیم
(صائب)م مەشهورم ئەمڕۆ من لە شیعرا زۆر سەخیم
عاریفی عەسرم ئەدیبم حوڕ و سەربەست و فەهیم
بێ موحابا شاعیرم مەشهورە (کانی) شوهرەتم !

## پایەی « کانی »
### لە لای شاعیرە هاوچەرخەکانی

کانی لەناو شاعیرە هاوچەرخەکانی چ لە شاری هەولێر و چ لەسەرپاکی کوردستان ڕێز و پایەیێکی تایبەتی بووە ، دەستەیێکی باش لەو شاعیرانە لە ڕووی دۆستایەتی و ڕێزگرتن و شاعیریەتی‌یەوە هۆنراوەی ستایش و نامەی شیعرییان بۆ ناردووە لێرەدا چەند نموونەیەك لەو هۆنراوانە بڵاودەکەینەوە •

# هۆنراوەی شاعیری کلاسیکی

## ناوداری کورد « بێخود » (١) لە ستایشی کانیدا (٢)

هێند صاحیبی گەنج و هونەر و جەوهەرە کانی
پێی بۆسەری سوڵتانی خیرەد (٣) ئەفسەرە کانی

ئەلفازی ئەگەر زوڵمەتە ئەسکەندەرە یاران
مەعاشی وەکوو ئاوە ، خدر (٤) رەهبەرە کانی

خەڵکینە وەرن قاسەیی دیوانی ببینن
تەخمیس و قەسیدەی هەموو سیم و زەڕە کانی

ئەفکاری وەکوو کەشتییە خۆی بەحری موحیتە
دڵ عەینی سەدەف سافە قسەی گەوهەرە کانی

---

(١) بێخود [ ١٨٧٩ ــ ١٩٥٥ز ] شاعیری کلاسیکی ناوداری کورد ، لەسەرەتای چلەکاندا ، لەو کاتەی کە (کانی) لە کۆیە مەئمووری نفووس بوو ، ئەویش هاتوچوی کۆیەی دەکرد و لە مالی سەید هادی سەید قادری مەئمووری ئەوقاف کە زاوای بوو دەمایەوە ، لەو کاتەدا بێخود و کانی دۆستایەتێکی پتەویان لە نێواندا هەبوو ، ئەم هۆنراوەیەی بێخود لە ستایشی کانیدا بەرهەمی ئەو دۆستایەتییەیانە ٠

(٢) ئەم هۆنراوەیە بۆ یەکەم جار لە ڕۆژنامەی (دەنگوباس) لە ڕۆژی ٣٠/٥/١٩٦٧دا بلاوکراوەتەوە و بۆجاری دووەمیش لە ڕۆژنامەی (ژین)ی ژمارە (١٠)ی ڕێکەوتی ١٩٧١/٢/١٨ لە ژێر ناوی (پارچە شیعرێکی بلاونەکراوەی بێخود )دا بلاوکراوەتەوە ٠

(٣) خیرەد : عەقل ٠

(٤) ئاوی خدر : مەبەستی ئاوی ژیانە ٠

بۆ میللەتی خۆی ئیشی فیداکاری‌یە ئەلحەق
کوردێکی بە ئەخلاق و وەتەن‌پەروەرە کانی

بەسی حەتەمم لامەکە سائیل کە فەقیری
نازانی لەبۆ فولکی (٥) سەخا لەنگەرە کانی

بو جیسمی بە نامووس و حەیای ، روحی رەوانی
بۆ شەخسی دلارایی (٦) وەفا وەك سەرەکانی

لێم عاجز و رەنجیدە (٧) نەبن گەر ئودەبای کورد
بۆ شاعیری ئەم عەسرە ئەڵێم مەفخەرەکانی

(بێخود) وەرە بنوارە لە جۆباری غەزەلدا
مەوزوونی دوو میسراعی ئەلێی عەرعەرەکانی

---

(٥) فولك : کەشتی ، پاپۆڕ ٠
(٦) دلارا : ووشەیێکی فارسی‌یە بە مانای جوان و دلگیر دێ ٠
(٧) رەنجیدە : پەست ٠

# ستایش و دڵدانەوەی «کانی» (١)
## لە لایەن مامۆستا ڕەشاد موفتی شاعیرەوە (٢)

کانی لەبەر ئەشعاری سوخەن سەنج و (٣) ئەدیبە
قەولی هەموو پڕلەزرەت و زۆر خۆش و لەبیبە

هەر شیعرێ کە دەیڵێت و دەیخوێنێتەوە بۆ خەلق
گوێ دەگرن و دەیڵێنەوە شیعرێکی غەریبە

ئەو صوحبەتی کردم شەوی جومعە لە حزوورت
عەفووم بکە زۆر مەقسەدە بۆ ڕەغمی ڕەقیبە

---

(١) جارێك لە ساڵی ١٩٣٢دا (کانی) چەند پارچە شیعرێکی خۆی لە مزگەوتی گەورەی هەولێر لە ناو دەستەیێك لە پیاوە ئایینیەکاندا دەخوێنێتەوە ، ( مستەفا ئەفەندی )ی مەئمووری نفووسی ئەوسای هەولێر ، لە نزیك ڕەشاد موفتی شاعیری خوارزای کانی دادەنیشێ و پێی دەڵێ : (چۆنت ڕا لە شیعرەکانی خاڵتە ؟ ) ئەویش لە وەلامدا دەڵێ : (شیعرەکانی کانی) وەکوو کفتەی حەشەندی نەرم و بە تامن کەچی کە کانی دەبیستەوە وا دەزانێ بۆ شکاندنی وای گوتووە ، زۆری لێ پەست دەبێ ، مامۆستا ڕەشادیش ئەم هۆنراوەیەی لە ستایش و دڵدانەوەی (کانی)دا دەنووسێ ٠

(٢) ڕەشاد محەمەد عوسمان موفتیی شاعیر لە ساڵی ١٩١٢دا لە شاری هەولێر لەدایك بووە ٠ لە ساڵانی (١٩٥٦ ـ ١٩٧٨) لە (کەرکووك و سلێمانی و هەولێر) قازی بووە ٠ لەبەرهەمی شیعری چاپکراوی (مەولوود نامەی کوردی) و (قەسیدەی بوردیە)ی لە عەرەبییەوە لەسەر هەمان کێش کردوە بە کوردی و کۆمەڵە شیعرێکی چاپ نەکراویشی هەیە ٠

(٣) سوخەن سەنج : قسە مەوزون و کێشراو ٠

شیعری تۆ حەشەندی (٤) نی‌یە وەك شەکر و نەباتە
پڕ مەعنەوو پڕنوکتە و دڵخواهی (٥) حەبیبە !

خوارزای تۆ (رەشاد)م مەڵێ شاعیر نی‌یە بڕوا
حەددم نی‌یە وەك تۆبم و هەندەم بەنەسیبە !

---

(٤) حەشەندی : کفتەی بە ناوە و هەمو جۆرە قیمە و کەرەستەییێکی لەناو دەخانرێ .
(٥) دڵخواه : پەسەندکراو .

# نامەیێکی شیعری

## لە دڵدار و جاهیدەوە بۆ (کانی) (١)

ئەنفیەت (٢) (کانی) دەڵێن میسك و گوڵاوی تێکەلە
داروەکازیشت (٣) لە دارستانی گوندی هەرتەلە (٤)

باش ئەکەی تەقلیدی لەنجەی قازی شابازە شەلە
مەیلی ئەشعارت وەکوو جارانە ئاخۆ ئەم حەلە

× × ×

بیستبووم صاحیب زەوق بووی سوحبەتت خۆش و بەتام
مەجلیست دایم بە مەی ئەڕشاند شەو و ڕۆژ بیدەوام

خۆش قسە و خۆش‌خوو و خۆش‌ڕوو ، موزحیك و شیرن کەلام
وایە ئێستاکە ئەڵێن وا بووی بە صۆفی دەرگەلە ؟ (٥)

× × ×

---

(١) ئەم نامە شیعری‌یە لە لایەن شاعیری ناوداری کورد دڵدار (١٩١٨ ـ ١٩٤٨) و بورهان جاهید (١٩١٨)ی شاعیرەوە لە ڕانیەوە هۆنراوەتەوە و بۆ (کانی) ناردراوەتە هەولێر •

(٢) ئەنفیە : وردەتوتنێکی خۆش‌کراوە بە لووت هەڵدەمژرێ •

(٣) وەکاز : عەکاز : گۆچان •

(٤) هەرتەل : گوندێکە لە قەزای ڕانیە لە پارێزگای سلێمانی •

(٥) دەرگەلە : گوندێکە سەر بە قەزای ڕەواندزە لە پارێزگای هەولێر •

(٦) مەبەستیان ئەوەیە لە کاتی نووسینی نامەکەدا تازە (کانی) لە مەئموورییەتی نفووسی ڕەواندزەوە گوێزرابوەوە بۆ هەولێر •

با ڕەواندز جا لەمەولا قوڕ بپێون سەرتاسەر (٦)
کانێکی دوڕ و گەوهەر وا لە نێوی هاتەدەر
شاری هەولێرت مونیر کرد ئەی شەبوستانی هونەر
[ آغە گلدی چاغرن عەیشۆکێ وێرسن هلهلە ] (٧)

× × ×

جا لەمەولا هەرکە شەو دێ پاشی تەسبیح و صەلات
دەست ئەکەیتە داستانی قەیس و لەیلا و عەسات (٨)
وا دەزانی چاوەدێرن مەجلیسی پاشالەرات (٩)
ووشکە ڕۆینت نەماوە ئێستە بوویتە هەروەلە

× × ×

[ ایشدن جانم ] (١٠) دەڵێی : (من بعد) تاوەك فڕدەکەی
عەینەکە نایابەکەت ئینجا لە ناو کیف دەرئەخەی

---

(٧) واتا : [ ئاغە هات بانگی عەیشۆکێ بکەن بـا هەلهەلـە لێ بـدات ] عەیشۆکیش لە کاتی خۆی دایەنی کانی بـووە و لـە دواییشـدا لەگەڵیاندا ژیاوە .

(٨) مەبەستیان لە داستانی (قەیس و لەیلا) (لەیلە و مەجنوون)ەکەی فضوولی یە کە کانی بە شیعر لە تورکی یەوە کردوویە بە کوردی و تا ئێستا سێ جار لە لایەن مامۆستای خوالێخۆش بوو گیوی موکریانی لە چاپخانەی کوردستان لە هەولێر چاپکراوەتەوە .

(٩) مەبەستیان لە (مەجلیس پاشا لـەرات) مەجلیسی (عـەلی پاشـای دۆغرەمەچی ) ئامۆزای بووە .

(١٠) واتە : [ گیانەکەم گوێم لێ بگرن ] .

[ دون گیجه ، بزنرده قالدق ] (۱۱) پێت دەڵێن دەست پێ‌دەکەی
جا لە بەحری ووشکی فیکرت دەست ئەکەیتە پێ‌مەلە •

× × ×

قوڕ بەسەر مەجنوون چ هەتکێکت بە لەیلا کردووە
قوڕ بەسەر لەیلا کە قەیست سووك و ڕیسواکردووە
قوڕ بەسەر مە تاکوو ئێستا شاعیریت وا کردووە
[ تا فضولی سویلیور آغا نەدر بو مهزەلە ؟! ] (۱۲)

× × ×

[ سن دەخی آغا بزی بیر بویلە مدح ایت شاعیری ، (۱۳)
شیعری چی دیوانی چی هەی کۆنە صۆفی قادری ؟
کۆنە دەروێشی ئەزانین تەقلە باز و ماعیری !
[ شمدیلك بسدر ئەفندم یوقسە چوق قالمش هلە ] (۱٤)

---

(۱۱) واتە : [ دوێنێ شەو ، ئێمە داستانەکەمان لە کوێ بەجێ‌هێشت ] •

(۱۲) واتە : [ هەتا فضوولیش دەڵێ : ئاغە ئەم گاڵتەجاڕی‌یە چی‌یە ؟ ] •

(۱۳) واتا : [ ئاغا دە تۆش وەکوو ئەمە ستایشێکی شاعیرانەمان بکە ] •

(۱٤) واتا : [ ئەفەندی جارێ با ئەمەندە بەس بێ ، دەنا هێشتا زۆری ماوە باسی بکەم ] •

# ستایشی کانی

## لە لایەن بورهان جاهیدەوە

کانی گوڵ و گوڵزارە بە ئەلفاز و مەعانی
کانی دڵ و دڵزارە بە ئەبیات و زوبانی

کانی قەدەمی خستوە بۆ میللەت و جاهی
کانی قەڵەمی گرتووە بۆ حیکمەت و شانی

ئەوصافی لە ئەوصافی صەفی بەستوە صەفصەف
(صافی) لە صەفی صودفەیە ئیضاحە بە (کانی)

شێرانە لە مەیدانی غەزەل جەوهەری ساغە
مەشهووری هەموو عالەمە کێ بێتو نەزانی ؟

قەترەی ئەدەبی لێئەتکێ مەجلیسی خۆشە
حاتەمسیفەتە دوڕڕە لەبۆ قەوم و زوبانی

ئوستادە ، وەتەنپەروەرە زاتێکی گرانە
موشتاقە بە ئینسانی شەرەفبەرزی جیهانی

(جاهید) کە دەکا مەدحی نەبۆ غایەکی دەهرە
ڕوحی بە فیدای کردووە بێ ئەووەل و ثانی !!

دەنگدانەوەی کۆچی دوایی کانی لە نـاو شـاعیرانی کورد و ڕێکخراوە ئەدەبی‌یەکاندا •

# شیوەنی « کانی »

## لە لایەن بورهان جاهیدەوە (١)

سەد حەیف کانی کە ڕۆیی لە دەس ئازاری نەفەس
بولبولی زاری بەرەڵڵا بوو لە ناو داوی قەفەس

چۆن لەبۆ شاعری وا بەرز و نەوەی دۆغرەمەچی
کانی گفتوگۆ ، سوخەنشیرین و ئوستادی هەوەس (٢)

چەند بە لوتف و کەرەم و موحتەرەم و خوشقسە بوو
زینەت و ڕەونەقی ئەم عەصرە بوو زوو دەرچوو لە دەس

مەردی مەیدان و ئەدیب ، موفتەخر و عالی نەسەب
شوهرەتی کانییە بۆ گەورەیی ئەم شوهرەتە بەس

قودرەتی من نییە تا مەدحی بکەم بێسەروپا
چونکە موستەغنییە ئەم زاتە نەشوبهاوە بەکەس

ئەمەیە دەوری فەلەك عاقیبەتی هەر ئەمەیە
چ کەیفتان هەبێ بەم ژینە نەتیجەی کە عەبەس

(جاهید)یش وەخت و سەعاتی هەیە بۆ ڕۆژی نەمان
ئەمە تەئریخە لەبۆ مە ، نە لەبۆ مێش و مەگەس

---

(١) لە گۆڤاری (هەتاو)ی ژمارە (٩٧)ی ساڵی (٤) ڕێکەوتی دووشەممە ٢٠ی مایسی (١٩٥٧)ەوە وەرگیراوە ٠

(٢) لە گۆڤاری (هەتاو)دا نووسراوە ( ئوستادی هونەر ) بەڵام ئێمە لەسەر دەستنووسی دیوانەکە و بەپێی سەرواکانی تری هۆنراوەکە کردمانە ( ئوستادی هەوەس ) ٠

# یــادی « کانی »

## لە لایەن شاعیری میللی حەبیب عەلی‌میرانی‌یەوە (١)

کانی خۆی کانی دوڕ و مەرجان‌بوو
چرای پڕشەوقی ناو کوردستان بوو ،

کانی جەوهەری قسە و گوفتاری
بیر و فیکر و فام ، دڵی هوشیاری

هەتاکوو گیانی لە دنیا مابوو
بۆ بەرزی هۆزی شێت و شەیدابوو !

---

(١) لە یادی ئەدیبانی حەبیب عەلی میرانی ـ لاپــەڕەی (٣٩ ـ ٤٠)وە وەرگیراوە ٠

# به یادی (کانی) (١)

## شیعری بورهان جاهید

وەرن ڕۆڕۆبکەین و با بڵێین کانی بڵێین کانی ،
هەتا مردن بڵێین کانی ، بڵێین کوا مامی بورهانی ؟

بڵێین کوا باوکی (ئەکرەم) باوکی (ئەدهەم) باوکی (فاروقمان) ؟
بڵێین کوا شاعیری عەصری ، ئەدیبی چەرخی و فانی ؟

ئەسەف بۆ میللەتی هەولێری بەدبەختی قەدیم و نێر
فڕی دەرچوو لە دەستی زاتەکی وا پاك و نوورانی

هەتا من ماوم و گەر بێ و بنووسم وەصفی پاکی ئەو
تەواو نابێ بە من بەخوا حیسابی شەرحی سامانی

بپێون قوڕ بڵێین (سەد ئاخ) (٢) لە دەستی چەرخی وا بەدخوو
نەما بۆ بێکەس و بێخود ، نەما بۆ صافی و کانی

نەما بۆ حافز و سەعدی نەما بۆ طاهر و نالی
نەما بۆ حەزرەتی ئادەم ، نەما بۆ مستەفا گیانی

لەبۆ کەس نامینێ دنیا هەتا سەر ناچێ بۆ هیچ کەس
بە تەقدیراتی یەزدانی فەلەك ئەییام و دەورانی

---

(١) لە گۆڤاری (هەتاو)ی ژمارە (١١٢)ی ڕێکەوتی ڕۆژی پێنجشەممەی ١٩٥١/١٠/٣١ ، لاپەڕە ١٠ەوە وەرگیراوە .

(٢) لە گۆڤاری هەتاودا نووسراوە (ئەیواە) ، کەچی ئێمە لەسەر دەستنووسی دیوانەکە وەکوو سەرەوەمان لێکرد .

وەرن دیسان بپێون قوڕ ، هەمیشە داد و ڕۆڕۆ کەن
خەجاڵەت بۆ ئەوەی هێشتاکە قەدری کانی نازانی

منیش وا کەوتمە جۆش و خرۆشی فیرقەتی کانی
منم شاگرد و هەم (شێواو) (٣) بە هیممەت شاهی کەیلانی

(٣) (شێواو) نازناوی (بورهان جاهید)ە ، لە ساڵی ١٩٥٧ەوە لە گۆڤاری هەتاودا بەو نازناوە شیعری بڵاوکردۆتەوە ٠

# یەکێتی نووسەرانی کورد
## یادی کۆچی دوایی کانی دەکاتەوە

لە ڕۆژی ١٩٧١/٥/١٢دا ، یەکێتی نووسەرانی کورد ـ لقی هەولێر، کۆڕێکی تایبەتی بۆ یادی چواردەمین ساڵەی کۆچی دوایی شاعیری ناوداری مەڵبەندی هەولێر (کانی) لە هۆڵی کتێبخانەی گشتیی هەولێر سازکرد و خەڵکێکی زۆر لە ئەدەبدۆست و ڕۆشنبیرانی ئەوشارە لەگەڵ ئەندامانی بنەماڵەی شاعیر ئامادە بوون • لەو کۆڕەدا مامۆستا ( مەدحەت بێخەو ) باسێکی ئەدەبی فراوانی لەبارەی ژیان و شیعر و شاعیرییەتی کانی پێشکەش کرد و لە کۆتایی باسەکەیدا پارچە هۆنراوەیەکی خۆی لە یادی کانیدا خوێندەوە ، وە قازی ئەوسای هەولێر مامۆستا ڕەشاد موفتیی خوارزای شاعیری نەمرمان پارچە هۆنراوەیێکی خۆی بۆ ئەو یادەی دانابوو پێشکەش کرد ، کە دەقی ئەم هۆنراوە و هۆنراوەکەی مامۆستا بێخەو لە شوێنێکی دیکە پێشکەش دەکەین •

ئەوەی شیاوی باسە ، مامۆستا (مومتاز حەیدەری) بە ووتارێکی کورت ئەو کۆڕەی کردەوە و ڕووداوەکانی هەڵسووڕاند •

★ هەر لەو ساڵەشدا ، بە ناوی یەکێتیی نووسەرانی کورد ـ لقی هەولێرەوە برایان : مەدحەت بێخەو و کەریم شارەزا بیرەوەری چواردەمین ساڵەی کۆچی دوایی کانیان لە کۆڕێکی ئەدەبی ، لە ئێستگەی تەلەفزیۆنی نەینەواوە پێشکەش بە بینەرانی تەلەفزیۆن کرد و ، هەواڵی ئەو دوو کۆڕەش لە ڕۆژنامەی (هاوکاری)ی ژمارە (١٩)ی ڕێکەوتی

۱۹۷۱/٥/۲۲ و له گۆڤاری (نووسەری نوێ)ی ژماره (۱)ی ساڵی (۱)دا بڵاوکراوەتەوە •

★ دیسانەوە هەر لەو ساڵەدا مامۆستا (عبدالغني علي یحیی) باسێکی ئەدەبی فراوانی بە ناونیشانی (بیرەوەری شاعیری نەمر کانی) له گۆڤاری هەولێری ژماره (۱)ی ساڵی (۲)ی ڕێکەوتی مایسی ۱۹۷۱دا بڵاوکردۆتەوە•

★ وه له ڕۆژنامەی (التآخی)ی ژماره (۱۹۰۷) ڕێکەوتی ۱۲/٥/۱۹۷٥ به پێنووسی (ب• کاوه) ووتارێکی ئەدەبی به ناونیشانی [ في ذكرى وفاة الشاعر الكردي (كاني) شاعر الحب والوطنية ] بڵاوکراوەتـەوه و روناکی خستۆته سەر گەلێ لایەنی ژیانی کانی و شیعر و شاعیریەتی •

# یادی کانی نەمر (١)

« مەدحەت بێخەو »

با ئەندێشەم بە وێنەی پەپوولە و هەنگ
بفڕێ‌بۆ ناو لالەزاری ڕەنگا و ڕەنگ

بۆسەر لووتکەی کێوانی سپی زۆزان
بۆ ناو مێرگ و نیگارانی کوردستان

بۆ ناو باخی بەهەشتی ئەم جیهانە
چەپك چەپك بچنێ کامە گوڵ جوانە

پێشکەشیان کەم بە سۆز و میهرەبانی
لەگەڵ سڵاو بۆ گڵکۆ و گیانی کانی

ئەی دەنگەکەی شاری هەولێری دێرین
تۆ نامری ئەی زەنگەکەی ڕاپەڕین

لەگەڵمانی تۆ کانی گوڵزارمانی
لەناو دڵ و شیعرمان جاویدانی

پەیمان بێ تا دوا قۆناغ و دوا ئەنجام
هەر بسووتێین لەڕێی ئاوات و پەیام

ئاسوودە بە ! ئاسۆ گزنگی داوە
کاروانی کورد بەرەو ئامانج بەتاوە

(١) لە دیوانی (ورشەی ئاوات)ی مەدحەت بێخەو ، ل (٦٤)ەوە وەرگیراوە ۰

ئەو ئاواتەی کە دوێنێ مەبەستت بوو
ئاسوودە بە وا خەریکە بێتە ڕوو

بۆ بەیانیش پێت ئەدەین موژدەی ژیان
کەی خۆری کورد لەگەل دەرچوو بۆ ئاسمان

# «کانی» (۱)
## شیعری ڕەشــاد موفتی قازی هەولێر

ڕیبیر لە مێژووی کۆچی شاعیر واجیبی ئینسانی‌یە
با لەبۆ هەمووی بنێرین فاتیحەی ڕەحمانی‌یە
کۆڕەکەی ئیمڕۆکەمان (۲) بۆ شاعیرێکە زۆر بەناو
جەبری نەقصی شیعرە جەبارە ، تەخەلوص کانی‌یە
زۆر بەغیرەت بوو ، خەتیبی مینبەری هەڵبەستی کورد
بۆیە وەك تیغی دەبان مەحفووزی ناوکالانی‌یە
دائیمە بیر و خەیاڵی ڕۆژوشەو بۆ نیشتمان
دەستەگیری زاتی وا پێغەمبەری یەزدانی‌یە
وەك چیا بوو هیممەتی ، نەفسێکی زۆر بەرزی هەبوو
ڕوحی وا لەم کۆڕەیە جیسمی ئەگەرچی فانی‌یە
شاعیرێکی کورد بوو ، کوردپەروەر ، وەکی وی (۳) کەم هەبوو
قسەکانی نەستەقن ، زار شاهیدی ویجدانی‌یە
باوکی ئەووەل ناو حەسەن بوو ، جاف‌بوو ، دارتاشی عەجیب
صاحیبی خانی دەزانێ چی‌هەیە لەم خانی‌یە !
ئەهلی زیکر و دۆست و خزمی خەڵکی شاری‌وا دەڵێن
پاش تەواتور غەیری وی (٤) هەرچی بڵێن هیچ وانی‌یــە !

---

(۱) لە گۆڤاری هەولێری ژمارە (۱)ی ســاڵی (۲)ی ڕێــکەوتی مــایسی ۱۹۷۱دا بڵاوکراوەتەوە .

(۲) شاعیر ئەم هۆنراوەیەی بوو لە کۆڕەکەی یەکێتی نووسەرانــدا خوێندیەوە .

(۳) و (٤) (وی) بە شێوەی هەولێر بەرامبەر بە (ئەو)ە .

نرخی ([illegible]) فلسه

چاپخانەی «الحوادث»

بەغدا – ١٩٨٠

٤٢٠٠٩٢
نكين غرب موكريان